# بۆپێشەوە

FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

ساڵی هەشتەم ژمارە (167) بەرواری 15-5-2024 — بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە — مانگی دووجار، لە (١)و (١٥) هەموو مانگێکدا دەردەچێت


## یەکێتیی کۆمۆنیستی ئەناتۆمی لیبراڵیزمی چەپ

## مارکسیزم و پراکتیکی شۆڕشگێڕانە:

## دەربارەی میتۆدۆلۆژیی لێنین{١}

بەشی پێنجەم... ل8


### وتەی ژمارە

## خوێندنەوەیەکی تر بۆ سەردانەکانی نێچیر بارزانی بۆ تاران و بافل تاڵەبانی بۆ واشنتۆن!!

**عەبدوڵا مەحمود**

لەم ڕۆژانەی ڕابردوودا، نێچیر بارزانی کە خۆی و حزبەکەی سەر بەجەمسەری ئەمریکاو غەربن... سەردانی تاران و بافڵ تاڵەبانی کەسەر بەجەمسەری ئێرانە، سەردانی ئەمریکای کرد. پێشتریش سودانی سەردانی ئەمریکاو ئەردۆغانیش سەردانی بەغداو هەولێری کرد. هەموو ئەو سەردانانە لەماوەی کەمتر لە دوو مانگدا ئەنجامدران.

هۆکاری ئەم سەردانانە بەو چرییەو بەو ئاراستە پێچەوانەیەش، بەر لەهەر شت ڕەنگدانەوەی ئەو ئاڵوگۆڕانەیە، کە بەسەر دۆخی دنیاو ناوچەکەو بەدیاریکراویش لە عێراقدا هاتووە.



پێگەی دەوڵەتی عێراق، لە ئاستی دنیاو ناوچەکەدا بەرەو هەڵکشان چووە، عێراق بۆتەوە بە جێگایەک بۆ چاوتێبرینی قوتبە جیهانی ناوچەییەکان، لەو نێوەدا چ عێراق لە چوارچیوەیەکی تازەدا و چ وڵاتانی ناوچەکەو دنیا، لە هەلومەرجێکی گۆڕاوی نوێدا، مامەڵە لەگەڵ یەکتری دەکەن...

سەردانی سودانی بۆ ئەمریکا و هاتنی ئەردوغان، لەدڵی ئەو هەلومەرجە نوییەدا چووە پێشەوە. سەردانی نیچیر بارزانییش وەکو سەرۆکی هەرێمێکی فیدرال، وابەستە بە جەمسەری ئەمریکا و غەرب و تورکیا، لەگەڵ سەردانی بافڵ تاڵەبانی بۆ ئەمریکا کە ئەویش لەژێر هەژموونی ئیراندایە، ئەو ڕاستییە دەخاتە ڕوو، کە پەیوەندییەکان بەشێوەی پێشوو ناتوانێت باڵانسێکی گونجاو بێت... نە پەیوەندی کوڕانی تاڵەبانی بە ئێرانەوە دەتوانێت یەکێتی لەدۆخی ئەزمەگرتووی هەرێمدا ڕابگرێت، نە پەیوەندی حکومەتی هەریم و قەوارەی هەریم!! دەتوانیت تەنها بە وابەستەیی بە ئیرانەوە لەسەر قاچەکانی بوەستێت. بۆیە هیچ لەوە پێشبینی کراو تر نییە، کە چ پارتی و چ یەکێتی ناچار بکات ئابدەیتی پەیوەندیەکانی خۆیان بکەنەوە. بەتایبەتیش کە پەیوەندی نێوان ئەمریکاو ئیرانیش بە ئەندازەیەکی زۆر لە دۆخێکی

بۆ لاپەڕە 2



## حسێنی مراد بەگی "حەمە سور" فەرماندەو ڕابەری کۆمۆنیست و سیمای ناسراوی بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستان، بۆ هەمیشە چاوەکانی لێکنا...

ل3

## داگیرکردنی زانکۆکان، بزوتنەوەیەکی ئینسانی پێشکەوتنخوازانە دژی جەنگ و وێرانکاری!!



لە درێژەی بزوتنەوەی نارەزایەتی جیهانی جەماوەرییدا بەدژی هێرش و کوشتاری خەڵکی فەلەستین لەلایەن ئیسرائیل و پشتیوانی ئەمریکاو غەرب لەو کوشتار و داگیرکارییە، لاوان و خوێندکارانی ئەمریکا دەستیان داوەتە وەرێخستنی بزوتنەوەیەکی نوێ کە تادێت فراوانتر و بەرینتر دەبێتەوە. بەدیاریکراوی دەیان زانکۆی گەورەو بەناوبانگی

بۆ لاپەڕە 3

## لەم ژمارەیەدا ئەم بابەتانەش دەخوێننەوە....


* لەیادی ڕاپەڕینەکەی هەڵەبجەدا........................................................ل4
* خۆشباوەڕی بە هەڵبژاردن... هەڵبژاردن بێ پارتی ناکرێت.............................. ل4
* بەڕێز جەزا حسێن وەڵامی پرسی ڕۆژی داوەتەوە.......................................... ل5
* ماکرۆن و سیاسەتی فراوانخوازی فەرەنسی.................................................. ل6


دۆسیەی ژمارە " سەبارەت بە ئاڵوگۆڕەکانی ئێستای دنیاو ناوچەکەو کاریگەری گوشارەکانی دەسەڵاتی بەغدا بۆ سەر هەرێم و لێکەوتەکانی لەسەر دۆخی کوردستان و ئاییندە سیاسیەکەی"

هاوڕێ ئاسۆس ساڵح وەڵامی پرسیارەکانی داوەتەوە...

ل9-10




بۆ لاپەڕە 2

پرسی ڕۆژ ل5

کۆشەی ئەدەب و هونەر ل7

بۆپێشەوە
FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

# درێژەی وتەی ژمارە

ئارامتر و هێورتردا لەگەل یەکتری دەچێتە پێشەوە.

عیراق، بە ئاراستەی بەهێزبوون و بیناکردنەوەی ژێر خانی ئابوری، هەنگاو دەنێت. بە ئاراستەی لێکگرێدانی بازرگانی و بەستنەوەی بازارەوەیە بە دنیای دەرەوە و لەو رێگایەشدا خەریکی دروستکردنی کەناڵ و رێڕەوی تازەیە. لە باری سیاسی و ئەمنییەوە، هەنگاوی باشی ناوەوە تا دێت هەلومەرج بۆ سەرمایە گوزاری باشتر فەراهەم دەبێت. حکومەت و دەولەت لە حاڵی پێناسەکردنەوە و قاچ چەقاندن دایە و خەریکە ئاستەنگەکانی بەردەمی وەلادەنێت... هێزە میلیشییایەکان لە چوارچێوەی دەولەت و سوپادا رێک دەخات. پەیوەندیەکانی لەسەر ئاستی دنیاو ناوچەکە و جەمسەرەکاندا رێک دەخاتەوە. خەریکی کەم کردنەوەی هەژموونی دەرەکییە بەسەر بریارە سیاسییە ناوخۆییدا. لەگەڵ ئەوەدا هێشتا سازانی سیاسی لەنیوان هێزو کوتلە سیاسیەکاندا واقعیەتی عیراقە، بەڵام دەستاو دەستکردنی دەسەڵات لە رێگای هەڵبژاردنەکانەوەو بە ئیستیحقاقاتی هەڵبژاردن خەریکە جێگیر دەبێت...

لەبەرامبەر بەو دۆخەدا دەسەڵاتی سیاسی هەرێم و خودی ئەوەی پێی دەوترێت قەوارەی هەرێم، لەبەردەم داڕماندایە و خەریکە نزیک دەبێتەوە لە دۆخی ساڵانی سەرەتای نەوتەکانی سەدەی رابردوو. دەسەڵاتی سیاسی هەرێم و بۆرژوازی کورد نوقمی دزی و گەندەڵی و تاڵانییە، هەڵبژاردن ناتوانێت هیچ بگۆڕیت و دەستاو دەستپیکردنی دەسەڵات لە رێگای هەڵبژاردنەکانەوە وەهمە و دوو بنەماڵە هەر بنەماڵەیەکیان دەسەڵاتی زۆنێکیان بەدەستەوە... بۆرژوازی کورد نەک نەیتوانی کەڵک لەو فرسەت و دەرەتانە وەربگرێت کە نزیک بە سێ دەهە لەبەردەستی بوو، بۆ ئەوەی سیستەمێکی سیاسی دامەزراو و پایەدار و رۆتین بنیات بنێت، بەڵکو لە قاڵبی دوو زۆن و دەسەڵاتی حزبۆکراتیدا قەتیس مایەوە و نەک هیچ پێشرەویەکی نەکرد، بەڵکو تا هاتووە رەوتێکی پاشەوپاش گەرانەوەی دەست پێکردووە. بەهێز بوونەوەی بەغداش وای کردووە هەژموونی سیاسی خۆی بەسەر هەرێم و بریارەکانیدا بسەپێنێت و سەرە رۆییەکانی بۆرژوازی کورد لغاو بکات. لە پرسی ئابوریی و دارایییەوە، تا دەگاتە پرسی ئەمنی و سنور و داهات و سیاسەت و پەیوەندیەکان، باڵادەستی عێراق بەسەر هەرێمدا، زال کراوەتەوە. لەئاستی ناوخۆی هەریمدا خەڵکی کوردستان هێندە نەفرەتیان لە دەسەڵات هەیە، کە قڵشتیکی یەکجار گەورە کەوتۆتە نێوان دەسەڵات و خەڵکییەوە، تا ئەو رادەیەی کە خەڵکی کوردستان، ئومێدی خۆیان لەسەر بەغدا و دەسەڵاتەکانی هەڵچنیووەو و چاوی ئومێدیان لەوەیە لەرێگای دەسەڵات و بۆرژوازی عێراقیەوە، ژیان و گوزەران و موچە و خزمەتگوزارییەکانیان بۆ دەستەبەر ببێت و سزای بۆرژوازی و حزبە سیاسیەکانی بدات.

لە دۆخێکی ئاوادا، کە دەسەڵاتی هەردوو زۆنی بۆرژوازی کورد، رووبەڕووە لەگەڵ گوشارەکانی بەغدا و هەرەشەکانی وڵاتانی ناوچەکە، ئاسۆی بۆرژوازی کوردی رووبەرووی داکوژان کردووە. ئیستا پارتی و یەکێتی لەوپەڕێ داماوی و بێ ئاسۆییدا پەل و پۆ دەکوتن... سەردانەکانی ئەم دوایەی سەرانی پارتی و یەکێتی و بۆ ئیران و ئەمریکا و زوو زووش بۆ بەغدا... هەوڵ و پەلەقاژەیەکی ناچارییە بۆ مانەوە و بەرگرییەکی سلبییە، بەتایبەتی پارتی کە زۆرترین جومگەکانی بریاری و سیاسی و ئابوری و ئەمنی و نوێنەرایەتیەکانی لەدەستدایە، بەرگرییەکی زیاتر دەکات و دەیەوێت لە دۆخی تازەی سیاسی عێراقدا، پیگەی سیاسی خۆی ئەگەر بەلاوازیش بێت بهێڵێتەوە.... تا ئەوەندەی بە یەکێتی دەگەڕیتەوە، ئەوا یەکێتی بێ هیچ بەرگری و کاردانەوەیەک رادەستی بەغدا بووە. بەڵام چ پارتی و چ یەکێتی ئەو راستیە درک دەکەن، کە پەیوەندیەکانی پیشوویان بەدەردیان ناخوات. پارتی بە پەیوەندیەکانی لەگەل جەمسەری تورکیا و ئەمریکاو غەرب، ناتوانێت خۆی لەبەردەم هەرەشەکانی تاران رابگرێت. هەر کاتێک ئیران بیەوێت چ راستەوخۆ یان لەڕیگای هیزە نیابەتیەکانەوە دەتوانیت زۆنی زەرد و دەسەڵاتی ئەو زۆنە نەک تەنیا توشی دەردەسەری، بەڵکو هێندە نابوت بکات، کە کەس حەسودی پێ نەبات. بۆیە ناچارە بەجیا لەوەی لەگەڵ جەمسەری تورکیا و ئەمریکاو غەربدایە، هاوکات دەبێت لەگەڵ ئیران و لە پەیوەند بە داخوازییەکانی ئیرانەوە مل بدات و باڵانسێک بە پەیوەندیەکانی بدات، بەڵام ئەمە تەنها دەتوانیت لیکەوتەی کاتی و کورت مەودای هەبێت، چونکە بۆ ئیران بەجیا لە پرسی ئەمنی کە مەسەلەی بناغەییە لە پەیوەندیەکانی لەگەڵ دەسەڵاتی هەرێم، پرسی پەیوەندییەکانی تر زۆرتر روو لە بەغدایە و هەژموونیشی بەسەر دەسەڵاتی بەغدادا، ئەو دەرەتانەی دەداتێ کە دووبارە گوشارەکانی بۆسەر هەرێم لە رێگای بەغداوە بباتە پێشەوە...

یەکێتی نیشتیمانیش، چیتر ناتوانیت تەنها بە پشت بەستن بە جەمسەری ئیران پیگەی خۆی بەرگری لێ بکات، چونکە چ ئەمریکا و غەرب و چ تورکیا، دەتوانن زۆنی سەوز هیندە تەریک و دابڕاو بکەن، کە وەکو دورگەیەی بێ بەها بمێنیتەوە، بۆیە ناچارن هەوڵ بدەن باڵانسێک رابگرن، لەو نێوەدا ناچارن کە هەم پەیوەندییەکانیان لەگەڵ تورکیا بەرەو ئاسایی ببەن و مل بە خواستەکانی تورکیا بدەن و هەمیش ناچارن بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و غەرب لەبەرچاو بگرن. نابێ ئەوەش نادیدە بگرین کە لە ئیستادا رۆڵی چین و روسیا لەئاستی دنیاو ناوچەکەدا، واقعیەتێکە و هیچ هێزو لایەن و دەوڵەتێک ناتوانیت، حاشا لە کاریگەریی و رۆڵیان بکات، بەتایبەتیش دوای ئەوە چین توانی ریکەوتن لەنیوان ئیران و سعودیەدا پێک بهێنێت و کۆتایی بە ململانێی و گرژی نیوانیان وەکو دوو جەمسەری ناوچەکە بهێنێت.

سەردانەکانی ئەو دواییە دەبێ لەو گۆشە نیگایەوە خوێندنەوەی بۆ بکرێت... ئەوەی کە تاچەندە ئەو هەوڵانەی پارتی و یەکیتی دەتوانن ئامانج بپێکن، بەندە بەوەی کەخۆیان لەگەڵ بەغدا بگونجێنن و مل بە دەسەڵاتی فیدرالی لە عێراقدا بدەن و هەرێم وەکو دەسەڵاتێکی خۆجیی فیدرال، مل کەچی عیراقی فیدرالی ببێت.. دیارە سیستەمی فیدرالی لە عێراقدا کە مەبناکەی دابەش کاری قەومیی و ڕیکەوتنی بۆرژوازی کورد و عەرەبە لەسەر بەشی سیاسی و ئابوری، لەگەڵ جیگربوون و ناچارکردنی پارتی و یەکێتی بەوەی ملکەچی بەند و بریارەکانی بن، ئایندەیەکی باش بۆ هەرێم و خەڵکی کوردستانی نەک لێ چاوەروان ناکرێت، بەڵکو دوبارە هەڵاواردنی قەومی لە عێراقدا رەسمی دەکاتەوە و پرسی سیاسی چارەسەرنەبووی خەڵکی کوردستان، بەوێنەی کیشەی کورد، دەخاتەوە ڕوو...

ناوەراستی ئایاری ٢٠٢٤

## کرێکاران، زەحمەتکێشان، لایەنگرانی وشەو دەنگی ئازاد!

بڵاوکراوەی بۆپێشەوە، زمانی تیژ و پاراوی کۆمۆنیستی و ئازادیخوازی ئێوەیە، دەنگ و سەکۆی بزوتنەوەی ناڕەزایەتی سۆسیالیستیتانە، بەدژی نیزامی زاڵمانەی سەرمایەداری و سەکۆیەکی لێبراوە بۆ رووبەڕووبوونەوەی فکر و ڕاگەیاندنی دارزیوو فریوکارانەی بۆرژوازی و بزوتنەوەو ڕەوتە سیاسی و فکری و حزبییەکانی... بڵندگۆی بانگەوازی هاوچینەکانتانە بۆ هاوپشتی و هاوخەباتی، وە دەنگ و مینبەری ڕاستەقینەی ئێوەیە لەدژی هەر زوڵم و ستەمێک کە لە کۆمەڵگەی سەرمایەداری ئێستادا، بەرامبەر ئێوە دەکرێت... لەیەک وشەدا، بۆ پێشەوە، سەکۆیەک و مینبەرێکە لە بەرەی شۆرشی کۆمەڵایەتی چینی کرێکاردا، بۆ ژێروژورکردنی دنیای زاڵمانەی سەرمایەداری و دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی سۆشیالیستی...

بۆ ئەوەی بۆ پێشەوە، بتوانیت نەخشی چینایەتی و ئەرکی پێناسەکراوی خۆی سەرکەوتوانە بباتە پێشەوە، لە هەواڵی ناڕەزایەتییەکانتان، لە خۆپیشاندان و مانگرتن و خواستەکانتان، لە کێشەو گیروگرفتەکان و ڕێگریەکانی بەردەم خەبات و یەکگرتوویتان، بەردەوام ئاگاداری بکەن... ئەو هەواڵانەی حزب و بزوتنەوە و میدیای بۆرژوازی و سێبەریان، دەیانەوێ بەلاڕێ، یان پەردەپۆشی بکەن، ئێوە بە ئێمەی بگەیەنن... ئەو ڕاستیانەی ئەوان پەردەپۆشی دەکەن، لە ڕێگای بۆپێشەوەوە، پەردەی لەسەر هەڵبماڵن... هەواڵی نائەمنی شوێنی کار و قوربانیانی، هەواڵی سەرکوت و دزی و تاڵانی دەسەڵات و کۆمپانیاکانیان، هەواڵی توندتیژی دژ بەژنان و قوربانیەکانیان، هەواڵی پێشێلکاری ئازادیە سیاسیەکان، ئازادی ڕۆژنامەگەری و ئازادی مافە فەردی و مەدەنییەکان... بە ئێمە بگەیەنن. بۆپێشەوە، دەنگی سازش هەڵنەگرو سەکۆی ڕاستبێژی و مەیدانێکی گرنگی ئێوەیە، لە پێناو دنیایەکی باشتردا. لەهەر جێگاو گۆشەیەکی ئەم دنیایەن لەپەیوەندی بەردوامدابن لەگەڵیدا..ئەمەی خوارەوە ئەدرەس ئیمێڵ و پێگەی بۆ پێشەوەیە..

bopeshawa@gmail.com

www.bopehsawa.net

دیارە سیستەمی فیدرالی لە عێراقدا کە مەبناکەی دابەش کاری قەومیی و ڕیکەوتنی بۆرژوازی کورد و عەرەبە لەسەر بەشی سیاسی و ئابوری، لەگەڵ جیگربوون و ناچارکردنی پارتی و یەکێتی بەوەی ملکەچی بەند و بریارەکانی بن، ئاییندەیەکی باش بۆ هەرێم و خەڵکی کوردستانی نەک لێ چاوەروان ناکرێت، بەڵکو دوبارە هەڵاواردنی قەومی لە عێراقدا رەسمی دەکاتەوە و پرسی سیاسی چارەسەرنەبووی خەڵکی کوردستان، بەوێنەی کیشەی کورد، دەخاتەوە ڕوو...

## دریژەی: داگیرکردنی زانکۆکان، بزوتنەوەیەکی ئینسانی پیشکەوتنخوازنە دژی جەنگ و ویرانکاری!!

ئەمریکا، دەستیان داوەتە کۆبونەوەی نارەزایەتی و هەڵدانی چار لە مەیدانی زانکۆکاندا، بەدژی کۆمەڵکوژی دەوڵەتی ئیسرائیل و بەدژی هاوکاری و پشتیوانی سەربازی و سیاسی ئەمریکا و غەرب و داواکاری راگرتنی جەنگ و کۆتاییهینان بە پەیوەندییە سیاسی و راگرتنی هاوکاری بەدەوڵەتی ئیسرائیلن. ئەم بزوتنەوەیە لە ئیستادا زیاتر لە ١٥٠ زانکۆی گرتۆتەوە و لەوەش زیاتر بەشێکی زۆری کارمەندان و مامۆستایان و لێکۆلەرانی زانکۆکان پشتیوانی لە بزوتنەوەی خوێندکاران دەکەن و ئیدانە هێرشی وەحشیانەی پۆلیس و دەستگیرکردنی خوێندکاران و هێرش بۆسەر زانکۆکان دەکەن.



بزوتنەوەی نارەزایەتی خۆیندکاران کە لەدریژەی بزوتنەوەی جیهانی خەڵکی ئازادیخوازی دنیا و ناوخۆی ئەمریکا و ئیسرائیلدا، دەستی پیکردووە، بە دروشمی "هەر ئێستا شەر راگرن" "ئازادی بۆ فەلەستین" هاتوونەتە مەیدان و کەمپەینێکیان بەناوی" دامەزراندنی کەمپی هاوپشتی لەگەڵ خەڵکی غەززە" وەرێخستووە. شایانی باسە تا ئێستا چەند ریکخراو یەکێتی کریکاری پشتیوانی خۆیان لەم کەمپەینە راگەیاندووە.

ئەم بزوتنەوەیە نارەزایەتییە مۆدێرن و ئازادیخوازانەیە بە شێوەیەکی درندانە کەوتۆتە بەردەم هێرشی پۆلیس و دەزگا ئەمنیەکانی ئەمریکا و تا ئێستا بەسەدان خوێندکار دەستگیرکراون و دەرگاشیان والاکردووە بۆ گروپە راسیست و مەزهەبیە توندرەوە دژی فەلەستینیەکان تا هێرش بکەنە سەر نارەزایەتی و کۆبونەوەکانی خوێندکاران.

دەوڵەتی ئەمریکا، بەتەواوەتی کەوتۆتە ژێر گوشاری ئەم بزوتنەوە نارەزایەتییە و بەتەواوەتی نیگەرانی دۆخەکەن... ئەم بزوتنەوەیە هەر لەئێستاوە مۆری خۆیداوە لە هەڵبژاردنەکانی ئەمساڵی ئەمریکا و کاریگەری لەسەر دادەنێت...

ئەم بزوتنەوە ئینسانی پێشکەوتنخوازەی زانکۆکانی ئەمریکا، بەجیا لەوەی رۆژ بەرۆژ فراوانتر دەبێتەوە، هاوکات پەریوەتەوە بۆ دەیان وڵاتی تر لەوانە زانکۆکانی بەریتانیا، ئێرلەندا، کەنەدا، فەرەنسا، ئەڵمانیا، ئوسترالیا، مەکسیک، لوبنان و یۆنان و کوباو...تاد.

بەردەوامی ئەم بزوتنەوە خوێندکارییە و بوون بە بەشێک لە بزوتنەوەی جیهانی دژ بەجەنگ و پشتیوانی ئەمریکا و غەرب لە کوشتاری کوێرانەی دەوڵەتی ئیسرائیل، دیاردەو هەنگاوێکی ئومێدبەخش و تاکە ریگای گوشار خستنە سەر ئەمریکاو غەرب و ناچارکردنی ئیسرائیل بە ئاگر بەست و کۆتاییهینان بە جەنگ و کوشتاری بە کۆمەڵی خەڵکی فەلەستینە... ئەم بزوتنەوە خوێندکارییە، بزوتنەوەی خوێندکاری دژی داگیرکاری ڤێتنام لەلایەن ئەمریکا وە بیردێنێتەوە، کە بیووە بەشێک لە بزوتنەوەی جیهانی دژی داگیرکاری ئەمریکا و مایەی گوشار دانان لەسەر دەوڵەتی ئەمریکا بۆ کۆتاییهێنان بە داگیرکاری ڤێتنام.

## حسێنی مراد بەگی "حەمە سور" فەرماندەو رابەری کۆمۆنیست و سیمای ناسراوی بزوتنەوەی شۆرشگێرانەی خەڵکی کوردستان، بۆ هەمیشە چاوەکانی لێکنا...

بەرواری چواری ئەم مانگە، حسینی مراد بەگی ناسراو بە حەمەسور، رابەر و سیمای بەرجەستەی بزوتنەوەی کۆمۆنیستی ئیران و بزوتنەوەی شۆرشگێرانەی خەڵکی کوردستان، دوای ١٢ ساڵ لە ململانی لەگەڵ نەخۆشی شێرپەنجە بە یەکجاری بەجێی هێشتین...



زیاتر لە نیو سەدە، خەباتی ریکخراو و ئامانجدارانەو بێ وچانی دژە سەرمایەداری چ لە دژی حکومەتی شاهانشایی و چ لە دژی کۆماری پەت و سێدارەی ئیسلامی... حەمەسوری کردە رەمزو کەسایەتییەکی بەرجەستەی بزوتنەوەی کۆمۆنیستی و کریکاریی و جەماوەریی لە ئاستی ئێران و کوردستاندا. حەمە سور نەک تەنها رۆڵی لەم مێژووە دووروودرێژەدا بەجەستە و حاشاهەڵنەگرە، بەڵکو خۆی یەکێک لە کاراکتەرەکانی دروستکردنی ئەو مێژووە درەوشاوەیە لە ئاستی ئیران و کوردستاندا... نەخشی ئەو لە تیکۆشانیدا بۆ پیکهێنانی کۆمەڵەی کۆمۆنیست و پیکهێنانی حزبی کۆمۆنیستی چینی کریکار، تادەگات بە رۆڵی لە ناو حزب و کۆمەڵەدا بە وینەی دامەزرینەرو فەرماندەی هێزی چەکدار و وەرێخستنی بزوتنەوەی جەماوەریدا... ئەوی کردە سیمایەکی ناسراو خۆشەویست. رۆڵی ئەو لە پیکهێنانی هێزی چەکدار و فەرماندەیی ئەو نەک لە ئاستی ئیران و کوردستاندا، بەڵکو یەکێک لەو هەنگاوە دەگمەنانەیە کە لە تەواوی رۆژهەڵاتی ناوەراستدا بێ وێنەیە. بۆ یەکەمین جار هێزێکی کۆمۆنیست دەست دەبات بۆ دروستکردنی هێزێکی چەکدار تا کریکار و ژن و بێبەشانی کۆمەڵگە لەپاڵ خەباتی کریکاریی و شاریاندا، پشت ئەستور بەهێزی چەکداری خۆیان بن لە راستای بەرگری لە بزوتنەوەی شۆرشگێرانەی خەڵکی کوردستان و وەستانەوە بەرووی رژێمێکی تاسەر مۆخ ئینسان کوژ و دژە ئازادی و دژە ژندا. وە بۆ یەکەمین جار بوو ژنان لە خەباتی چەکدارییدا و بە ئیرادەیەکی سەربەخۆوە بەشداری بکەن... ئەوە دروستکردنی مێژوویەکی تر و جێخستنی نەریتێکی تر بوو لە کۆمەڵگەی کوردستاندا. حەمە سور، رابەر و کاراکتەرێکی سەرەکی ئەم مێژووەو هەڵگری ئەم نەریتە کۆمۆنیستییە بوو.

جیا لەو رۆڵە پراکتیکییەی لە مەیدانی رابەری خەباتی جەماوەری و چەکدارییدا، نواندویەتی هاوکات ئەو رابەر و کەسایەتیەکی مارکسیست و کۆمۆنیست بوو، کە لە زەمینەی خەباتی سیاسی و فکریی و ریکخراوەییدا جێگا پەنجەی دیارە.

ئەو مێژووە خەباتکارانەی حەمە سور لەناو جولانەوەی مارکسیستی و کۆمۆنیستی و لە چوارچێوەی کۆمۆنیزمی کریکارییدا، کە رەوتێکی درەوشاوەیە هەمیشە مایەی ئومید بەخشین بە چەپ و کۆمۆنیزم و لە عێراق و کوردستاندا، بووە. بۆیە ژیانئاوایی حەمە سور تەنها خەسارەتێک لە بزوتنەوەی کریکاریی و کۆمۆنیستی جولانەوەی شۆرشگێرانەی خەڵکی ئیران و کوردستانەکەیدا نییە، بەڵکو خەسارەتیکە لەسەرجەم بزوتنەوەی کریکاریی و کۆمۆنیستی لە عێراق و کوردستان و لە تەواوی ناوچەکەدا...

ئیمە لە کاتێکدا سەرخۆشی خۆمان ئاراستەی خیزان و کەس و کاری دەکەین هاوکات سەرخۆشی لە خۆمان و لە سەرجەم هەڵسوراوانی بزوتنەوەی کریکاریی و جەماوەری و ریزەکانی کۆمۆنیزمی کریکاری و هەموو ئەوانەی لەماوەی پینج دەهەی رابردوودا هاوخەبات و هاوسەنگەر و هاوریبازی کۆمۆنیستی ئەو بوون، دەکەین.

بەرز و بەریز بێت یادی خەباتکارانەی کۆمۆنیستی هاوری حەمەسور و سەرجەم گیان بەختکردوانی ریگای ئازادی و سۆشیالیزم..

بۆپێشەوە

# خۆشباوەڕی بە هەڵبژاردن

## "هەڵبژاردن بێ پارتی ناکرێت"

### بەشی چوارەم



**نووسینی: بنار مستەفا**

لە کاتی نووسینی ئەم زنجیرە باسە لەسەر خۆشباوەڕی بە هەڵبژاردن، بابەتی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان هاتە ئاراوە، کە بڕیارە لە حوزەیرانی ٢٠٢٤ ئەنجام بدرێت. پارتی دیموکراتی کوردستان بە بەیاننامەی مەکتەبی سیاسی ڕایگەیاند، کە بەشداری هەڵبژاردنەکان ناکات.

لێرەدا ناچمە سەر ئەو هۆکارانەی بەشداری نەکردنی پارتی، کە خۆیان باسی لێوە دەکەن، یان مانای "هەڵبژاردنی پاک و بێگەرد" لە ڕوانگەی پارتییەوە لێک بدەمەوە. هەروەها شیکاری هۆکاری ڕاستەقینە و ئامانجی سیاسی پارتی لەم ڕاگەیاندن و سیاسەتەیدا لەم باسەدا جێگەی ناکەمەوە. هەموو ئەمانە گرنگن و بابەتێکە تەواو پەیوەندی بە ململانێی سیاسییەوە هەیە و کەمتر لە خودی هەڵبژاردن جێگەی دەبێتەوە. بەڵام لەگەڵ ڕاگەیاندنی پارتی بە بەشداری نەکردنی هەڵبژاردن، لێدوانێک بە فراوانی هاتە ئاراوە و بە شێوەی جیاوازی سەرنجی لەسەر دەدرا، کە لێرەدا جێگەی سەرنج و شێکاری منە.

دەگوترێت "بێ پارتی هەڵبژاردن ناکرێت." هەم پارتی خۆی و هەم بەشێک لە نەیارانی بە شێوەی جیاواز دەیکەن. دەمەوێت لەسەر ئەم دەربڕێنە ڕاوەستم.

ئەم لێدوانە لە کوێوە سەرچاوە گرتووە؟ بۆچی دەگوترێت، کە بە "بێ پارتی هەڵبژاردن ناکرێت"؟ لە هیچ جێگەیەکی تری جیهاندا گوتراوە، کە بەبێ پارتێکی سیاسی دیاریکراو، ئەنجامدانی هەڵبژاردن مەیسەر نابێت؟ لەو پرسیارانەش گرنگتر، ئایا بەڕاستی بێ پارتی لە کوردستاندا دەرفەتی ئەنجامدانی هەڵبژاردن هەیە؟

ڕەنگە زۆرێک درک بەو ڕاستییە بکەن، کە بە کردەوە بەشداری نەکردنی پارتی لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا، ئەو هەڵبژاردنە سەختە ئەنجام بدرێت، گەر ئەستەم نەبێت. ئەمەش لە تایبەتمەندی پارتییەوە سەرچاوەی نەگرتووە وەک لایەنێکی سیاسی، بەڵکو لە قۆرغکردنی دەسەڵات لە لایەن پارتی لە لایەک و پووچی مانا و بێ ناوەڕۆکی هەڵبژاردن لە کوردستانەوە لە لایەکی ترەوە سەرچاوەی گرتووە.

وێڕای هەموو ئەو بابەتانەی لە بەشەکانی پێشوو باسمان کرد لە پەیوەند بە هەڵبژاردن و نەدانی دەرفەت بۆ ئاڵوگۆڕی سیاسی لە کۆمەڵگەدا، بەڵام ئەگەر پرۆسەی هەڵبژاردن وەک خۆی و بەو مانایەی پێی دراوە ئەنجام بدرێت، وەک زۆر جێگەی جیهان، نابێت پەیوەندی بەوەوە هەبێت لایەنێکی سیاسی بەشداری تێدا دەکات یان نایکات. گەر بڕیار بێت هەڵبژاردن بۆ دیاریکردنی دەسەڵاتی ئایندە و یاسادارێژەران و بڕیاردەرانی کۆمەڵگە بن، بۆ نابێت ئەم پرۆسەیە بێ بەشداری لایەنێکی سیاسی ئەنجام بدرێت؟ ئەگەر بڕیار بێت ئەنجامی هەڵبژاردنەکان دەسەڵاتدارانی چوار ساڵی ئایندە دیاری بکات، و لایەنێک خۆی بەدوور لێ بگرێت، بۆچی ئەم پرۆسەیە ناکرێت ئەنجام بدرێت؟

هۆکارەکەی ئەوەیە، وێڕای پووچی هەڵبژاردن، لە کورستان هەڵبژاردن زۆر پووچتر و بێ ناوەڕۆک ترە لەوەی بتوانێت هەڵبژاردن بە پووچی ستانداردی جیهانیش ئەنجام بدات. لە کوردستان هەڵبژاردن کارتۆنیترە لەوەی بتوانرێت ناوەڕۆکێکی شکڵی لێ دەربکێشرێت و لە ڕێگەیەوە خۆشباوەڕی دروست بکرێت.

بۆیە دەگوترێت بێ پارتی هەڵبژاردن ناکرێت، چونکە لە بەشێکی کوردستان پارتی دەسەڵاتداری موتڵەقە. ئەم دەسەڵاتەی لە ڕێگەی هەلبژاردن و دەنگدانی خەڵکییەوە بەدەست نەهێناوە و نەپاراستووە، بەڵکو لە ڕێگەی هێزی چەکدارییەوە. جێگەوڕێگەی پەرلەمان و حکومەت لە کوردستان لە خوار دەسەڵاتی دوو حزبی دەسەڵاتدارە، کە یەکێکیان پارتییە. پەرلەمان و حکومەت بۆیە هەیە، تا بەرگێکی تر بەسەر دەسەڵاتی میلیشییایدا بدەن. گەر بێت و پارتی بەشداری هەڵبژاردن نەکات، چۆن ئەو بەرگە بەسەر دەسەڵاتی هێزی میلیشیاییدا بپۆشرێت؟

خۆ ناکرێت لایەنێک بەشداری هەڵبژاردن نەکات و بەدەستهێنانی شەرعیەتی فەرمی جەماوەری بۆ فەرمانڕەوایی وەرگرتبێت. لەمەش ئەستەم تر ئەوەیە، لەسەرو دەسەڵاتێکی میلیشیا پۆستی لە چەشنی سەرۆکی هەرێم و سەرۆک وەزیران بدرێتە لایەنێکی تر، کە بە کردەوە خاڵی بێت لە هەموو دەسەڵاتێک، و دەسەڵاتی پارتی بەسەریدا زاڵتر بێت. بۆیە لە هەر ڕوانگەیەک و ئەگەرێکەوە تەماشای بکەیت، ئەلتەرناتیڤی دەرئەنجامێک یەک لە یەک پووچترن و کەڵکی هیچ چەواشەیەکی نییە. گەر ئێستا وێڕای ئاشکرابوونی بۆ جەماوەری خەڵکی، کە دەسەڵاتداران نوێنەری خەڵکی و کۆمەڵگەی کوردستان ناکەن، بەڵام بەهۆی ئەنجامدانی هەڵبژاردن و وەرگرتنی پەنجەمۆری بەشێک لە خەڵکی، ئەو مافە دەدەن بەخۆیان، کە دەسەڵات شەرعیەتی پێدراوە. بەڵام ئەگەر ئەو لایەنەی دەسەڵاتی بەدەستە و بەشداری هەڵبژاردن نەکات، ناتوانن بە شکڵیش بوونی شەرعیەتی دەسەڵاتدارانی ئێستا ڕاگەیەنن.

لە یەک ڕستەدا پارتی دەسەڵاتی ڕەهای بەدەستە لەو ناوچانەی پێی دەگوترێت زۆنی زەرد. ئەم دەسەڵاتەش ڕادەستی هیچ لایەنێکی تر ناکات. کاتێک هەڵبژاردن دەکرێت، بۆ ئەوەیە لە هەڵبژاردنەکاندا زۆرینەی دەنگەکان بەدەست بهێنێت و دەسەڵاتی شکڵی فەرمی وەرگرێت. واتە لە کوردستان هەڵبژاردن ئەنجام دەدرێت، تا خزمەتی دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی بکات، نەک دەسەڵاتی دیاری بکات. گەر یەکێک لەم دووانە بەشداری هەڵبژاردنەکانی نەکرد، ئەوا هەڵبژاردنەکە دەرفەتی بەڕێوەچوونی نییە.

# لەیادی ڕاپەڕینەکەی هەڵەبجەدا

**سەردار عەبدوڵا حەمە**

لە بەرواری ١٩٨٧/٥/١٣ لە شاری هەڵەبجەو خورماڵ وشارەزوور وهەورامان ڕاپەڕینێ جەماوەری لە دژی دام ودەزگای بەعس ڕوویدا سەرەنجام زۆربەی شاروناوچەکان لە دەست حکومەت ئازاد کران. ئەگەر خەڵکی سەرتاسەری کوردستان لەو کاتەدا وەک هەڵەبجە ڕاپەڕینی ئەنجام بدایەو پەیوەست بوایە بەم بزووتنەوەیەوە ئەوا هەر ئەو کاتە حکومەت بەعس لە کوردستان ڕادەماڵرا، نەک لە ساڵي ١٩٩٠ دا ئەوکاتە هەڵەبجە دەبوو بە دەرگای ڕاپەڕین. ئێمە وەک گروپێکی گەنجی کۆمۆنیست بەشداری چالاکانەمان هەبوو چ لە ناو خۆپیشاندانەکانا چ بە نوسینی شیعاری وەک ئازادی یەکسانی لەسەر دیوارودوکانەکانی شار چ بە هەڵواسینی بەیاننامەیە بۆ ڕاپەڕین و خۆپیشاندان لە گەڕەکەکانی شار وە توانیمان لە شەوی پێش ڕاپەڕین لە بڵندگۆی یەکێ لە مزگەوتەکانی شارەوە بەیانەکە بخوێنینەوە بەدوایدا سروودی (کرێکارین کرێکارین پەروەردەی ڕەنج ئازارین) بەدەنگی کاڵێ لێ بدەین. من بەیاننامەکەم نوسی بوو وە بە کاربۆن دەیان نوسخەم لێ زیاد کردو هاوڕێکان بەشدار بوون لە بڵاوکردنەوەی، بەڵام بەداخەوە لە خۆپیشاندانەکەدا گەنجێک بە ناوی مەریوان حەمەرەشید گیانی لەدەستدا و شار و ناوچەکە لای ئێوارەکەی بەهێزێکی گەورەی سوپاودەبابەو هیلۆکۆپتەری سەمتی کۆنترۆل کرایەوە وگەڕەکی کانی عاشقان خاپور کرا و زۆر بەداخەوە دەیان پیاوی ئەو گەڕەکە زیندە بە چاڵ کران لە بیرم نایەت ژمارەیان چەند بوو. ئێمەیش زۆربەی خەڵکی شار چووینە دەرەوە و بەرەو چیای شنروێ و هاوارودەرەتفێ و هەندێکیش چوونە ئێران بوونە پەنابەر لە ئوردوگای دزڵی سەر بەمەریوان. ئێمە وەک گروپێ لە گەنجانی کۆمۆنیست کەسەر بەڕەوتی کۆمۆنیست بووین بۆ یەکەم جار کاری عەلەنیمان ئەنجام دا هەرچەندە لەگەڵ تاکتیکی ئەوکاتەی ئەو ڕێکخراوە نەدەگونجا، چونکە پێ یان وابوو کاری عەمەلی جەماوەری کاتی نییە. ئێمە لە کات وساتی ئاوارەبوونمان لە چەمی هاواروهەوارەکۆن ودەرەتفێ دەستمان کرد بە کۆکردنەوەی ئازوقە لە دەرەتفێ کە ئاوارەی جێگیر بووی سەر بەحیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانی لێ بوو . ئازوقەی وەک ئاردو برنج وڕۆن وچاو شەکرو نان وشتی تر بە کۆڵ دەمانگواستەوە بۆ خەڵکی ئاوارە لەچەمی هاوارو هەوارەکۆن لەوێ دابەشمان دەکرد بەسەریاندا. ئەم جۆرە لە هاوکاری وکاری هەرەوەزی یەکێ لەسوونەتی خەباتکارانەمان بوو . لێرەوە بە لای خۆمەوە سەری ڕێز و نەوازش بۆ کەسوکاری کاکە مەریوان و ئەوانەی زیندە بە چاڵ کران دا ئەنوێنم.

یادیان بەرزو بەڕێز بێت

## لە بۆپێشەوەوە

* بابەتەکانی بۆپێشەوە جگە لە"گۆشەو تەوەرەی تایبەت" بەگشتی تەعبیر لەخەتی سیاسی و فکری و دونیابینی کۆمۆنیزمی مارکس و کۆمۆنیزمی کرێکاریی دەکات.

* بۆ پێشەوە هیچ بابەتێك بڵاوناکاتەوە کە پێشتر لەشوێن و کەناڵی بینراو وبیستراو و نووسراودا... بڵاوبوبێتەوە.

درەنگ ناردنی بابەتەکان لەکاتی ڕاگەیەندراوی خۆیدا شانسی بڵاوبونەوە لەدەست دەدات....

پرسی ڕۆژ گۆشەیەکە ئاراس ڕەشید هاوکاری سەرنووسەری بۆپێشەوە ئامادەی دەکات. هەوڵدەدات یەکێک لەپرسە گەرمە سیاسی یان کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگەی کوردستان بخاتە بەرباس لە ڕێگەی کەسایەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی شارەزا لەو بوارەدا...

bopeshawa@gmail.com

## پرسی ڕۆژ

## نارەزایەتی خوێندکاری زانکۆکان لەئەمەریکاو وکەنەدا وئەوروپا دژ بەجەنگ لەفەلەستین

## بەرێز(جەزا حسێن) هەڵسوڕاوی کرێکاری وەڵامی پرسی ڕۆژی ئەم ژمارەیەی داوەتەوە...



١٧ی نیسانی ٢٠٢٤ نارەزایەتی خوێندکارانی زانکۆکانی ئەمەریکا بەتایبەت زانکۆ کۆلۆمبیا لەنیویۆرک، بەدانانی چادر وسەکۆی وتاردان وشیعاردان بەدژی جەنگ لە فەلەستین دەستیپێکرد. هەرزوو پریسکی ئەو نارەزایەتیانە زۆربەی شارەکانی دیکەی ئەمەریکا وکەنەدای گرتەوە، ولەم هەفتەیەشدا لەئەوروپا دەستیپێکرد.

بەرێز( جەزا حسێن) هەڵسوڕاوی کرێکاری لەوەڵام بەپرسی ئەم ژمارەیە بەمشێوەیە وەڵامی داینەوە.

**پرسی ڕۆژ: ئەو بزووتنەوەیەی خوێندکاران دژ بەجەنگ لەفەلەستین چۆن لێکدەدەنەوە وهۆکار وئامانجەکانی چین؟**

**جەزا حسێن:** سڵاو ورێزم بۆئێوە لەبڵاوکراوەی بۆپێشەوە خوێنەرانی ئازیز.

خۆپیشاندان ونارەزایەتیەکانی خوێندکاران لەزانکۆکانی ئەمەریکا وکەنەدا وئەوروپا، کەلەزانکۆی کۆلۆمبیای شاری نیویۆرک دەستیپێکرد. ئەڵقەی یەکەم زنجیرەیەک لەخۆپیشاندان ونارەزایەتی جەماوەری ئازادیخوازان لەدژی شەڕ وکوشتاری خەڵکی سیڤڵی غەززە لەسەرتاسەری دنیا دەستیپێکرد. دواتر گروتینێکی دابەخوێندکارانی ئازادیخواز ونارازی ناو زانکۆکانی ئەمەریکا، بەتایبەتتر ویلایەتەکانی نیویۆرک وڤێرجینیا وفلۆریدا ولۆسئەنجلس و...تاد، جۆرێک لە ڕێکخراوبوون ویەکدەستی بوو بەشیعاری شەڕ دەبێت بەزوویی ودەستبەجێ بوەستێت، زانکۆکان هەموو گرێبەستە زانستی ولێکۆڵینەوەکانیان لەگەڵ ئیسرائیل بوەستێن. ئەوشەڕەی ئیسرائیل لەفەلەستین کوشتنی بەکۆمەڵە ودەستدرێژیە بۆسەر خەڵکی مەدەنی، فراوان بووەوە وزۆرێک لەزانکۆکانی گرتەوە.

لەترسی تەشەنە وفراوانبوونەوەی زیاتر وپەیوەستبوونی خەڵکی لەچین وتوێژەکانی دیکەی کۆمەڵگە، پۆلیس هەڵیکوتایە سەرخوێندکاران وچادر وشێعار وپلاکارتەکانیان دڕاندن، وسەدان هەزار خوێندکار دەستگیرکران.

هاتە مەیدان وحکومەتی نیکسنی ناچارکرد بیرلەکۆتایی هێنانی شەڕی ڤیەتنام بکاتەوە. شایانی باسە کەبزووتنەوەی خوێندکارانی زانکۆکان قوربانی زۆریان داوە، وزۆرجار کەوتوونەتە بەرگوللەی پۆلیس ولێیان کوژراوە.

هەندێک لەدەزگاکانی راگەیاندن هەندێک لەراگەیاندنەکان وقسەکەرانی سەربەدەسەڵات وتەبێژەکانیان تۆمەتی ئەوە دەدەنە پاڵ خوێندکاران کەبەرگری لەحەماس دەکەن. بەڵام وەک باسمکرد ئەم بزووتنەوەیەی خویندکاران لەزانکۆکاندا لەدژی ئیسرائیلە وبەرگریە لەخەڵکی بێدیفاع ومەدەنی غەززە وفەلەستین، هەروەک چۆن بەدژی پەلاماری حەماس بووە بۆسەر خەڵکی مەدەنی لە ئیسرائیل.



بەوەرگرتنی بەڵێننامەی بەشدارینەکردنی دووبارە لەو چالاکیانەدا، هەڕەشەی دەرکردنیان لەزانکۆ ئازادکران.

مێژووی بزووتنەوەی خویندکاران لەئەمەریکا وئەوروپا، مێژوویەکی پڕشنگدارە وکاریگەری گەورەی هەبوو لەسەر دەسەڵاتداران وبڕیارەکانیان.، بەتایبەت لەدژی شەڕ وخەبات بۆمافە جەماوەریەکان. لەسەرەتاکانی سەدەی بیستدا، کاتێک بزووتنەوەی کرێکاری لەئەمەریکادا بەهێز بوو، خوێندکارانی پشتیوانی بەهێزی مانگرتن وخەباتی کرێکاران بوون. لە ١٩٦٠بزووتنەوەی مافە مەدەنییەکان وخەبات بۆیەکسانی هەمەلایەنە لەدژی ڕەگەزپەرستی، بزووتنەوەی خوێندکاران لەزانکۆکان وئامادەییەکانیان توانی فشاری خۆی لەسەردەسەڵاتداران دابنێت، ویاسایەکی پێشکەوتوو لەدژی ڕەگەزپەرستی بەسەر دەسەڵاتداراندا بسەپێنێت. هەروەها ساڵی ١٩٧٠ لەدژی درێژکردنەوەی شەڕی ڤیەتنام وکەمبۆدیا، بزووتنەوەیەکی بەهێزی خوێندکاران

**پرسی ڕۆژ: ئایا ڕۆڵی خوێندکاران لەراگرتنی جەنگ چەندە دەبێت؟**

**جەزا حسێن:** هەرئێستا ئەو بزووتنەوەیە لەفراوانبوونەوەدایە لەوڵاتانی دیکەی کەنەدا وئەوروپا، وبووتە جێ پشتیوانی لێی. وابەستەیە بەبەردەوامی وتێکهەڵکێش وهاوئاهەنگی لەگەڵ بزووتنەوەی گشتی جەماوەری دژ بەشەڕ لەفەلەستین، لەسەرتاسەری دنیادا. هەروەها راکێشانی هێزی جەماوەری کرێکاریی فراوانبوونەوەی جەماوەری بۆفشارخستنە سەر دەوڵەتانی زلهێز لەدنیادا. هەروەک چۆن لە١ی ئایاری ئەمساڵدا کرێکاران یەکێک لە داواکاریە سەرەکیەکانیان بریتی بوو لە" راگرتنی جەگ، ولەناوبردنی برسێتی وگرانی".

**********

# ماکرۆن و سیاسەتی فراوانخوازی فەڕەنسی




زڕنەوەی ناپلیۆن ناسراو بە ناپلیۆنی سێیەم، لە ساڵانی ١٨٥٢ تاوەکو ساڵی ١٨٧٠ فەرمانڕەوایی فەڕەنسای کردووە، سیاسەتی دەرەکی وڵاتەکەی لەسەر بنەمای ئامادەیی هێز و مانۆڕی دیپلۆماسی و هەوڵدان بۆ دەرچوونی فەڕەنسا لە چوارچێوەی فەرەنسا پێکهێنابوو. سیاسەتی دەرەوەی فەرەنسا لە سەردەمی ناپلیۆنی سێیەمدا لەسەر بنەمای تەماح و پەلهاوێشتن بنیاد نرابوو.

بنەمای سیاسەتی ناپلیۆن گەڕاندنەوەی شکۆ و کاریگەری هەژموونی فەڕەنسی بوو کە لە دوای شکستی ناپلیۆنی گەورە لەدەستدرابوو، ئەوەش وای لێکرد بەدوای سەرکەوتنی سەربازی و باڵادەستی دیپلۆماسی لە ئەوروپادا بگەڕێت. لە ڕاستیدا ئەم هەوڵەی ناپلیۆنی سێ پێچەوانەی ئەو سیاسەتە ناوچەییەی ئەودەمەی ئەوروپا بوو کە بە هاوسەنگی ئەوروپی ناوی دەرکردبوو، ئەمە درووست تێکدانی هاوسەنگی هێز بوو.

ئەم سیاسەتە بەتەواوی لە کاتی جەنگی قرمدا دەرکەوت، جەنگی قرم کە ١٨٥٣ – ١٨٥٦ ی خایەند، فەڕەنسا بە سەرکردایەتی ناپلیۆنی سێ، شانبەشانی ئینگلتەرا و ئیمپراتۆری عوسمانی لە دژی ڕووسیا شەڕی کرد. ئەم شەڕە تا ڕادەیەکی زۆر بەهۆی نیگەرانییەکان سەبارەت بە فراوانخوازی ڕووسیا و هەروەها پاراستنی هاوپەیمان و پرۆکسیە گرنگەکەی ئەودەمی ڕووسیا بوو کە دەوڵەتی عوسمانی بوو. هەرچەندە ئەم جەنگە گۆڕانکاری ناوچەیی و جیهانی گەورەی بەدوای خۆیدا نەهێنا، بەڵام بووە سەرەتای ئەو دۆخەی لە فراوانخوازی فەڕەنساوە هاتبووە کایەوە، دواتر دەستوەردان لە مەکسیکی بەدواداهات، بەبیانووی وەرگرتنەوەی قەرزەکان لە مەکسیک، بەڵام هەرزوو ئەم دەستوەردانە گۆڕا بۆهەوڵدان بۆ دامەزراندنی دەسەڵاتێکی پادشایی لە مەکسیک بە سەرۆکایەتی پادشا ماکسیمیلیانی یەکەم. ئەم دەست وەردانە لە دواجاردا شکستی خوارد و دەسەڵاتی پادشایەتی کەنارخرا و پادشا ماکسیمیلیان لەسێدارەدرا.

لە ئەنجامی فراوانخوازییەکانی ناپلیۆنی سێدا. کۆلۆنیالیزم لە ئەفریقا و بە دیاریکراوی وڵاتانی جەزائیر و ڕۆژئاوای ئەفریقا و هەروەها لە ئاسیا لە ڤیێتنام وچین لەسەر دەستی فەڕەنسا بووە شتێکی حەتمی. لە دەرئەنجامی ئەم سیاسەتەدا لەسەر ئاستی ناوچەیی فەڕەنسا، نەیتوانی سیاسەتێکی ورد و حەکیمانە لە هەمبەر پرووسیادا پەیڕەو بکات. پسمارک حەکیمی سیاسەتی پرووسیا ئەم دەرفەتەی قۆستەوە و ناکۆکیەکانی بۆ ڕووخاندنی دەسەڵاتەکەی ناپلیۆن خستەگەڕ. لە ساڵی ١٨٧٠ دا گرژیەکانی نێوان فەڕەنسا و پروسیا بەهۆی کاندیدبوونی شازادەی ئیسپانیا بەناوی هۆهێنزۆلەرن بۆ تەختی شاهانەی ئیسپانیا پەرەی سەند. ناپلیۆنی سێ لە ترسی باڵادەستی پرۆسیا لە ئەوروپا، داوای دڵنیایی لە شا ویلهێلمی پرۆسیا کرد کە کاندیدبوونەکەی هۆهێنزۆلەرنی کاندیدی شاهانەی ئیسپانیا دەکشێنێتەوە. بیسمارکی ساختەکار ئەمەی قۆستەوە و هەستا بە دەستکاریکردنی تەلەگرامێک و بڵاویکردنەەی کە بە ئیمس دیسپاچ ناسراوە، کە بۆ بەکێشکردنی فەڕەنسا بۆ ڕاگەیاندنی شەڕ لە دژی پرووسیا سازی کردبوو. ناپلیۆنی سێ بە هەستکردن بە گوشاری ڕای گشتی فەڕەنسا تەنگەتاوبوو، بڕیاری جەنگی دا و لەو باوەڕەشدا بوو کە دەتوانێت سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، ئەوەبوو لە ١٩ ی تەمووزی ١٨٧٠ شەڕی لە دژی پرووسیا ڕاگەیاند .

ئەگەرچی فەڕەنسا خاوەنی سەد هەزار چەکدار بوو بە سەرکردایەتی ناپلیۆنی سێ، بەڵام نەیتوانی شەڕەکە لە بەرژەوەندی خۆی کۆتایی پێ بێنێت و شەڕەکەی دۆڕاند و کۆتایی بە خەونی سەرکێشانەی ناپلیۆنی سێ هات، لە بەرامبەردا ئەم جەنگە بووە هۆی باڵادەستی پرووسیا و هاتنەدی خەونەکەی ئەندازیار پسمارک و یەکگرتنەوەی هەردوو بەشی ئەڵمانیا.

لە ڕۆژگاری ئەمرۆدا ئێمە گەواهیدەری سیاسەتێکین لە مامەڵەی ماکرۆن و ئیدارەکەیدا کە دەمانباتەوە سەر سیاسەتەکەی ناپلیۆنی سێ. لە کاتێکدا سەرۆک وەزیرانی ئێستای فەڕەنسا ماکرۆن، دەیەوێت دەستوەردان بکات لە ململانێکانی ناوچەکەدا.

جیا لەوەی کە لە ئەفریقا و لوبنان و سوریا دەیەوێت ئامادەیی هەبێت و گۆڕانکاری بە کارتەکانی بکات، لە ململانێی نێوان ڕووسیا و ئۆکرایناشدا دێتە مەیدانەکە و دەڵێت کە ئاسایشی فەڕەنسا و ئەوروپا پەیوەستە بە قەیرانەکانی ئۆکراینا، هەروەها پشتیوانی تەواوی خۆی بۆ ئۆکراینا دەردەبڕێ و لە ماوەکانی ڕابردوودا ئامادەیی خۆی نیشاندا بۆ هەموو جۆرە هاوکارییەک بۆ ئۆکراینا بە ئامانجی شکست پێهێنانی ڕووسیا. بەم ئاوایە ڕوسیای بە دووژمن وێناکرد. لەمیانی کۆنفرانسێکدا کە لە پاریس ڕێکخرابوو و بانگهێشتی بیست وڵاتی ئەوروپی تێداکرابوو، ماکرۆن ڕایگەیاند کە پێویستە دەستبەجێ یارمەتییە دارایی و سەربازییەکان بۆ ئۆکراینا دابین بکرێت، و گوتی کە نابێت بهێڵین ڕووسیا لەم جەنگەدا سەرکەوێت. پوتین لە وەڵامدا هۆشداری دا و گوتی: بێگومان ئێمە لە ڕوانگەی سەربازی-تەکنیکییەوە ئامادەین. ئەو حکومەتانەی کە بانگەشەی ئەوە دەکەن کە چیتر هێڵی سووریان لەگەڵ ڕووسیادا نییە، دەبێ بزانن کە ڕووسیاش هێڵی سووری لەگەڵ ئەواندا نابێت.

سەرەڕای هۆشدارییەکەی پوتین، ماکرۆن پشتگوێی دەرئەنجامە وێرانکەرەکانی هەڕەشەکانی دژی ڕووسیا بە کەم دەزانێت و ڕووسیا بە دەستەواژەی دوژمن بانگ دەکات. ئەگەری دەستێوەردانێکی ڕاستەوخۆی فەرەنسا، قەبارەی شەڕەکە زیاد دەکات و دەبێتە هۆی ئەوەی کە بگۆڕێت بۆ شەڕێکی جیهانی.

تیۆری هێرتلاند لەلایەن ماکیندەرەوە گریمانەی ئەوە دەکات کە کلیلی زاڵبوونی جیهانی لە کۆنترۆڵکردنی "هێرتلاند"دایە، کە ناوچەیەکی فراوانی ئۆراسیایە و لە ئەوروپای ڕۆژهەڵاتەوە تا ئاسیای ناوەڕاست درێژدەبێتەوە، بەهەریەک لە وڵاتانی ڕووسیا، کازاخستان، قیرقزستان، تاجیکستان تورکمانستاندا تێدەپەڕێ. "ئەگەر شەڕێک لە هارتلاند ڕوویدات، شەڕێکی جیهانی ڕوودەدات"، لە ڕاستیدا ماکیندەر ناوچەی هێرتلاند وەک دڵ و ناوەندی جیهان دەبینێت و وا گریمانەی دەکات کە هەر ململانێیەک لەو ناوچەیەدا لە سەرانسەری جیهاندا دەنگ دەداتەوە. لەسەر بنەمای ئەم تیۆرە دەتوانین بڵێین لە ئەنجامی لێدوانەکانی ماکرۆن دژی ڕووسیا، ڕەنگە دۆخەکە سەربکێشێت و بچێتە نێو قۆناغێکی جەنگی نوێ کە لەسەر ئاستی جیهانی کاریگەر دەبێت


**نووسینی: ڕۆمان ئامینە**

**بەرەسمی ناسینی مافی ڕێکخراوبوون و کۆبونەوە و مانگرتن، زیادکردنی موچە پێ بەپێی گرانی بازاڕ، بەهەمیشەیی کردنی گرێبەستە کاتییەکان، بیمەی بێکاری بۆ کەسانی ئامادەبەکار، یاساکارێکی پێشرەو... داخوازی دەستبەجێی کرێکارانن ...**

# گۆشەی ئەدەب و هونەر

گۆشەی ئەدەب و هونەر، گۆشەیەکی تایبەتی بۆپێشەوەیە کە لەهەر ژمارەیەکدا بابەتێکی ئەدەبی یان هونەری لەشێوەی هۆنراوە، تێکستی ئەدەبی، وەرگێران، بڵاودەکاتەوە، یاخود دیمانە لەگەڵ ئەدیب و هونەرمەندێک یان ناساندنیان رێک دەخات...

ئامادەکرنی گۆشە: کاوان قادر، وریای رەسام، ڕیبوار حەمە شەریف



## چارەسەر بە سیکۆدراما (سایکۆ دراما) چییە؟

نووسین و ئامادەکردنی: ڕیبوار حەمە شەریف

حەزپێکردن / ئارەزوکردن ٢- هەڵگرتن/ (مەبەست لەمە کەسێ کە هەڵگری گرفتەکەیە). ٣- هاوبەشکردن سایکۆ دراما: ڕێبازێکە لە چارەسەری دەروونیدا کە لەلایەن زانای دەروونشیکاری ئەمریکی (جاکۆب مۆرینیۆ) وە پەرەی پێدراوە، هەروەها درامای دەروونی یان درامای دەروونییە، هەروەها "چارەسەری نواندن"ە، کە جۆرێکە لە چارەسەری دەروونی کە تێیدا نوێنەرایەتی بەکاردەهێنرێت بۆ یارمەتیدانی نەخۆش بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی بەهۆیەوە نوێنەرایەتیکردنی نەخۆشەکە ئەو کێشە یان بارودۆخانەی کە دەبنە هۆی تێکچوونەکەی. کۆرسینی (1954) ڕایگەیاندووە کە سیکۆدراما شێوازێکی چارەسەری ناوازەیە کە لە ڕێگەیەوە دەتوانین ئەوی دیکە لە مرۆڤدا ببینین هەروەک چۆن خەونەکان دەستمان لەسەر ئەو هەستانە دادەنێن کە لە نائاگاییدا نێژراون. ئەمەش لە ڕێگەی ئەو ڕووداوانەوە ئەنجام دەدرێت کە گرنگی و بەهایان هەیە کە لەسەر شانۆ نوێنەرایەتی دەکرێن یان دووبارە نمایش دەکرێنەوە و دواتر یارمەتی تاکەکان دەدەن بۆ درککردن بە هەستە شاراوەکانی خۆیان و بە ئازادی دەریببڕن. سایکۆدراما یەکێکە لە گرنگترین شێوازەکانی چارەسەری دەروونی گروپی: کە دراما وەک جۆرێک لە هونەر و دەروونناسی تێکەڵ دەکرێت، وەک یەکێک لەو زانستانەی کە مامەڵە لەگەڵ ئەناتۆمی ڕۆحی مرۆڤ دەکات، و جۆرێکە لە چارەسەری دەروونی، بەڵام بە شێوەیەکی داهێنەرانە، وەک ئەرکی سەرەکییەکەی لە بەتاڵکردنەوەی... هەست و سۆز و هەستەکانی تاک بە ڕۆڵی هەندێک ڕۆڵی پەیوەست بەو بارودۆخانە نێژراوە کە لە ژیانیدا بەرکەوتەی بووە، و دەتوانرێت ڕێژیمی چارەسەری سیکۆراما بەکاربهێنرێت بۆ کەمکردنەوەی تێکچوونی خەمۆکی لە ژناندا. چارەسەرکەری سایکۆدراما کێیە؟ دەروونناسێکی ڕاهێنراو کە ڕێنمایی مرۆڤەکان دەکات لە هەر قۆناغێکی چارەسەرکردندا، سەرنج دەخاتە سەر بیرکردنەوە و هەست و جوڵەی جەستە وەک کۆدێک کە دەتوانرێت لە ڕوانگەی دەروونییەوە شیکاری بکرێت. چارەسەری سایکۆرما لەسەر بنەمای کۆمەڵێک توخم و ئامرازی بنەڕەتی دامەزراوە، بەبێ ئەوان ناتوانرێت بە چارەسەری (سایکۆدراماتیک) هەژمار بکرێت، هەروەها کۆمەڵێک هەنگاوی تایبەتی تێدایە، کە دواجار فۆرمێکی جیاواز بەم چارەسەرە دەبەخشێت، ئەوانیش:

قۆناغی یەکەم: دەستپێکردن و ئامادەکاری ئامانجی ئامادەکردنی گروپی چارەسەرکەرە لە ڕووی جەستەیی و دەروونی و کۆمەڵایەتییەوە بۆ ئەوەی بگاتە ئەو کەشوهەوای گشتیەی کە خۆبەخۆیی دەهێنێت، کە ئەمەش وەڵامێکی نوێیە بۆ دۆخێکی کۆن.

قۆناغی دووەم: ڕووداوەکە وە دەست دەکەیت بە قسەکردن لەگەڵ پاڵەوانەکە بۆ ئەوەی لە لایەنە جیاوازەکانی کێشەکە بکۆڵیتەوە.واتە ئەو کێشەی کە پاڵنەری ڕووداوەکە بووە و دەرئەنجامێکی لێکەوتۆتەوە.

قۆناغی سێیەم: یەکگرتن دوا قۆناغی نمایشی سایکۆدراماتیکە، بەو پێیەی پاڵەوان ئامادەیە هاوسەنگی دەروونی خۆی بگەڕێنێتەوە بە پەرەپێدانی هەستکردن بە توانای خۆی بۆ کۆنترۆڵکردنی کێشەکەی، لەڕێگەی پەرەپێدانی وەڵامە ڕەفتارییە کاریگەرەکان بەرامبەر بە دۆخی (سترێس) یان ورووژێنەرەکان لە کێشەی پاڵەوانەکەدا، و... دەتوانرێت پرسیار لە پاڵەوان بکرێت دەربارەی هەستەکانی سەبارەت بە وەڵامەکانی و چۆن وەڵامەکانی تر بە شێوەیەک ئەنجام دەدات هەروەها دەتوانرێت پرسیار لە گروپەکە بکرێت دەربارەی تێبینی و پێشنیارەکانیان، و بەڕێوەبەر (چارەسەرکاری دەروونی) دەتوانێت داوای نوێنەرایەتیکردنی پێشنیارەکان بکات لەسەر شانۆ، لە ڕێگەی... ڕۆڵی پێچەوانە یان ئەوەی پێی دەوترێت شێوازی ئاوێنە. هەر بۆیە لە شانۆی کلاسیکدا لە لایەن قوتابخانەی (ستانسلافسکی) دا ئاوێنە و ڕووبەڕووکردنەوەی ئەکتەر لە کاتی نمایشتدا دەورێکی هەبووە.

ئازیزانم: ئارەزوم کرد کە لێرەوە جارێ دوو بابەتی دراماییی گرنگ کە بەشێکە لە تێگەیستنمان لە سایکۆدراما: . تراژیدیا -کارەسات- و کۆمیدی ـ هەزلیات. دراما لەسەر بنەمای توخمە نوێنەرایەتییەکان لە فۆرمە جۆراوجۆرەکانیدا، وەک بەرجەستەکردن، لێکدانەوە، یان دەربڕین دامەزراوە. دراما – لە سەرەتاوە – لە پێویستی کۆنترۆڵکردنی ئەزموونەکانی ژیانەوە سەریهەڵدا. جیاواز، وەک چۆن مرۆڤ هەوڵی دەدا مانای ئەم ئەزموونانە بدۆزێتەوە، و یاساکانیان دابڕێژێت، بۆ ئەوەی لە خەباتی بێوچانی خۆیدا بۆ مانەوە لە بەرژەوەندی خۆیدا بیانگۆڕێت، بۆیە پێش ئەوەی بچێتە دەرەوە بۆ... ڕاوکردن – بۆ نموونە – ئەو گەشتی ڕاوکردنەکەی نمایش دەکرد، و ڕووداو و ململانێکانی تێدابوو، و هەوڵی دەدا لە کۆتاییدا بگاتە ئامانجەکەی و نوێنەرایەتییەکەش لە زۆر حاڵەتدا بوو هۆکارێک بۆ سەرکەوتن لە گەشتی داهاتووی ماسیگرتن. هەروەها دراما لە ڕابردوودا لە ڕێوڕەسمە ئاینییەکانەوە سەریهەڵداوە، کە مرۆڤەکان لەوێ بوون ململانێی ئەو لەگەڵ هێزە میتافیزیکییە نامەعنەوییەکان بەرجەستە دەکات. دراما وشەیەکی یۆنانییە کە بە وشەیەک گواستراوەتەوە بۆ زمانی عەرەبی کە هیچ مانایەکی نییە، وە جۆرێکە لە مانا جۆرەکانی هونەری ئەدەبی، لە ڕووی زمانەوە بە ڕۆمان و چیرۆکەوە گرێدراون و لە... وێناکردنی ململانێ و بەرجەستەکردنی ڕووداوەکە و چڕبوونەوەی گرێ. -18... وشەیەک کە چاوپۆشی لە هەموو شتێک دەکرد کە بۆ شانۆ

بۆ لاپەڕە 11



## گۆزەی ئاوات

هێشتا خەونەکانم نەکەوتوونەتە سەرپێ و
کۆتری ئومێدم زمانی فڕینی نەگرتووە
سەفەرمەکە و جارێ زووە

هێشتا شەقامی چاوەڕوانیم
پیاسەی دیداری لێ نەڕواوە و
درەختی تامەزرۆییم
هێشووی ئۆقرەیی نەگرتووە

مەڕۆ، هەنگاوەکانی سەفەر بپێچەوە و
ڕۆیشتنت هەڵپەسێرە

ئالوودەی هەنسکم مەکە و
بەدەست فەرامۆشیم مەسپێرە

سەفەر مەکە
فەهرەستی عیشق بە چەقۆی غەدر نەزیف مەکە و
چاوی خۆزگەکانم کوێرمەکە

گوتم سەفەرمەکە
مەڕۆ و وانەی خەفەتم فێرمەکە

واز لە خەیاڵی سەفەربێنە و
دڕکی حەسرەت لە پەرێزی دەروونم دا
مەڕوێنە

مەڕۆ و کۆلارەی بەختم مەفڕێنە
سەفەرمەکە و
گوڵی حەزم کاڵ مەکەوە و
گۆزەی ئاواتم مەشکێنە...

شەماڵ بارەوانی



# یەکێتیی کۆمۆنیستی ئەناتۆمی لیبراڵیزمی چەپ

# مارکسیزم و پراکتیکی شۆڕشگێڕانە:

# دەربارەی میتۆدۆلۆژیی لێنین{۱}

## بەشی پێنجەم

بەشی پێنجەم

دووبارە ئەوە خودی لێنینە کە لە دیاریکردنی ڕیشەی جیاوازی نێوان بۆلشەڤیزم و مەنشەڤیزمدا، بە تێزەکانی مارکس دەربارەی فۆیەرباخ دەگات:

"بڕیارنامەی مەنشەڤیکەکان ... لەباتی ئەوەی ئەو خاڵە ڕۆشن بکاتەوە کە پرۆلیتاریا لە ئێستادا دەتوانێ چۆن "ڕەوەندی شۆڕشگێڕانە بەرەو پێشەوە بەرێ"، لەباتی ئامۆژگاریکردن سەبارەت بە خۆئامادەکردنی دیارکراو لە پێناو خەبات لەدژی بۆرژوازی کاتێک کە لە دژی دەستکەوتە شۆڕشگێڕییەکان ڕادەوەستێتەوە، یەک وەسفی گشتی لە یەک پڕۆسە بەدەستەوە دەدات. وەسفێک کە هیچ شتێک لە بارەی ئامانجە دیاریکراوەکانی هەڵسووڕانی ئێمەوە ناڵێت. ڕەوشی ئیسکرای نوێ لە خستنەڕووی بۆچوونەکانیدا ئینسان دەگێڕێتەوە بۆ بۆچوونەکانی مارکس (کە لە تێزەکان سەبارەت بە فۆیەرباخ ئاشکرای کردووە) لە بارەی ماتەریالیزمی کۆنەوە، ماتەریالیزمێک کە لەگەڵ بۆچوونە دیالێکتیکییەکاندا بێگانەیە. مارکس دەڵێت: فەیلەسووفەکان جیهانیان لە ڕێگای جۆراوجۆرەوە لێکداوەتەوە، بەڵام مەسەلەکە گۆڕینییەتی. گرووپی ئیسکرای نوێ دروست بە هەمان شێوە دەتوانێ لێکدانەوە و وەسفێک لە پڕۆسەی خەباتێک کە بە بەرچاومانەوە کەوتۆتە ڕێ، بخاتە ڕوو، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی لەو ڕووەوە بێ توانایە کە درووشمێکی دروست بۆ ئەم خەباتە بخاتە ڕوو. ڕابەرانی باش و ڕابەرانی خراپ. ئەوان بە فەرامۆشکردنی ڕابەرییەکی چالاک کە ڕۆڵی ڕێنماییکەر دەبینێ و دەتوانن و دەبێ لە مێژوودا، لە ڕێگای ئەحزابێکەوە پێشمەرجە مادییەکانی شۆڕش بەدەستەوە بگرن و خۆیان لە ڕیزی پێشەوەی چینە پێشڕەوەکان داناوە و دەور دەگێڕن. دەرکی ماتەریالیستی بۆ مێژوو پووچ دەکەنەوە. (هەمان سەرچاوەی پێشوو، بەرگی ٩، لاپەڕە٤٤. کەوانەکان و هێڵە دوانییەکانی جەخت لە دەقەکەدایە و ئەوانی تر لە لایەن ئێمەوەیە)

ئایا ئیتر ڕۆشن نییە، کە خودی لێنین چۆن بۆ جیاوازییەکانی نێوان خۆی و مەنشەڤیکەکان سەرنجی داوە؟ هەمان دەرکی پراتیکی و دیالێکتیکییە لە مارکسیزم و ماتەریالیزمی مێژوویی کە بناغەی میتۆدۆلۆژیی لێنین پێک دەهێنێ، نەک توانای ئەو وەک موفەسیرێکی باشی ئابووریی ڕووسیا. بەم جۆرە مەسەلەکە قسەکردنە لەسەر ناسینی ڕۆڵ و جێگای توخمی چالاکی شۆڕشی پرۆلیتار، لە شکڵدان بە مێژووی واقیعی و بردنە پێشەوەی شۆڕش و گێڕانی ڕۆڵی ڕێنماییکەر لە ڕێگای ئەحزابێکەوە کە خۆیان لە ڕیزی پێشەوەی چینە پێشڕەوەکان داناوە. ئیتر ڕۆشنە بۆ ڕۆشنبیرانێکی ئەکادیمیست کە تازە لە دڵی شۆڕشەوە چرایان هەڵکردووە و لەملا و ئەولای ئابووریی کۆمەڵگاوە کەوتوونەتە دوای دۆزینەوەی چینی پێشڕەو و "گرنگ"ەوە، تا چەند لەگەڵ ئەم میتۆدۆلۆژییە و ئەم تێڕوانینەدا بێگانەن.

ئایا ئەم پێداگرییەی ئێمە (هەروەها لێنینیش) لەسەر ڕۆڵی چارەنووسسازی توخمی چالاک لە پڕۆسەی شۆڕشدا بۆچوونێکی ڤۆلنتاریستی(ئیرادەگەری) نییە؟ ئایا لەم میتۆدۆلۆژییەی لێنیندا توخمی چالاک نەکراوە بە هێزێک کە هەرچییەکی بوێت، بیکات؟ (ئەمە ئەو تۆمەتەیە کە بە زۆری دەدرێتە پاڵ لێنین) وەڵامی ئەم پرسیارانە، نەخێرە. چونکە لێنین لە بارەی دەرککردنی پێشمەرجە مادییەکانی شۆڕشەوە، لە ئەحزابی پێشڕەو دەدوێ. ئەم پێشمەرجە مادییانە هەمان ئەو بابەتانەن کە لە بیری دیترمینستی مۆنشەڤیکەکان و یەکێتیی کۆمۆنیستیدا گۆڕدراون بە توانایییەکی ڕەها. ئەو دراوانەی (بابەت) کە لە خشتە و پێناسە لەپێشدابۆکراوەکانەوە بۆ شۆڕش و ئەوەی "ئەبێ و نابێی مێژوویی کە مەنشەڤیکەکان و یەکێتیی کۆمۆنیستی لێی دەردەکێشن. هەلومەرجی بابەتی لە میتۆدۆلۆژیی مارکس و لێنیندا، شوێنی واقیعی خۆیان دەگرن. دراوە خێرا و ڕاستەوخۆکان، بچووک و گەورەکانیان، بەرئەنجامی بزاوتی توخمی چالاک نین. بەڵکوو کەلێن و سنوور و دامێنەکانی کاری ئەم توخمە چالاکە پێک دەهێنن. ئەم کەلێن و سنوورانەش خشتە و پێناسەیەک بۆ شۆڕش و بڕیارەکانی نین، تەنانەت لیستگرتنی ئەو چینانە نییە کە یەک لەدوای یەک ڕۆڵی "گرنگی مێژوویی"یان هەیە و لە قاڵبی "هاوسێیەتی" شێوەکانی بەرهەمهێنانی باودان. بەڵکوو ئەم کەلێن و سنوورانە ئەو بەربەستە ماددی و کۆمەڵایەتییانە و ئەو بار و دۆخە بابەتییە ئابووری و سیاسییانە و ئەو سنوور و دواکەوتووییە ڕێژەییانەن کە بەشێکن لە توخمی زاتی شۆڕشی پرۆلتاریا و دەستبردن بۆ کاری شۆڕشگێڕانەی خێرای سۆسیالیستییانەی سەرکەوتوو، یانی دەستبردن بۆ پراتیکێک لە پێناو دامەزراندنی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا و لێدانی کۆتایی لە موڵکدارێتی تایبەتی ڕاستەوخۆ نامومکین دەکەن. ئەمەیە ئەو بەشە لە پێناسەکردنی "بەربەست" کە ئەتوانێ و دەبێ سەرنجی بۆ بدرێ. لە ڕۆمای سەردەمی سەرەتاییدا، لە خوارەوەبوونی ئاستی هێزەکانی بەرهەمهێنان، وەک دەسەڵاتێکی ڕەهای بەربەستەکانی سەر ڕێگای شۆڕش ناژمێردرێن. هەروەها دواکەوتوویی ئابووری، وە یان ئیستبداد لە سەدەی بیستەمدا، پێناسە و تایبەتمەندیی کۆمەڵگای ئەم سەدەیە نییە، بەڵکوو ئەمانە بەربەستەکانی سەر ڕێگای کامڵبوونی ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانەیە کە لە باری مێژووییەوە ئیمکانی هەیە. ئەوانە شێوە کۆمەڵایەتییەکن کە لە هەمان کاتدا بابەتین و بە شێوەی ماددی، بوونیان هەیە، بەڵام لەچاو سەردەمی خۆیدا "دەرەکین" و پێویستیی مێژوویی خۆیان لەدەست داوە. ئەو بەربەستانەی کە لەسەر ڕێگای ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانەن، دراوی هەمان کۆمەڵگان و لەباری مێژووییەوە تێپەڕبوون لێیان لە توانادایە. شۆڕشی دیموکراتی بۆ لێنین، پڕۆسەیەکە کە تێیدا پرۆلیتاریا بتوانێ لەم بەربەستانە بدا و خۆی لە هەلومەرجێکی بابەتی باشتر و یاریدەدەرتردا دابنێ و بەرەو شۆڕشی خۆی بیان بات. کەوایە بۆچی "شۆڕش"؟ چونکە سەربەخۆ لە ئیرادە و نەخشەی لەپێشەوەدانراوی هەر کەسێک، خودی کۆمەڵگا لەدژی ڕووە جۆراوجۆرەکانی ئەم پاشکەوتووییانە و سەنگی کۆن کە لە بەرپێدان، دێنە نێو شەپۆلێکی شۆڕشگێڕانەوە. بۆچی "دیموکراتی"؟ چونکە خواستی دیموکراسی و چاکسازیی دیموکراسی هۆکاری هێزەبزوێنەرەکانی ئەم شەپۆلدانەیە. چونکە جگە لە پرۆلیتاریا توێژگەلێکی فراوانتری کۆمەڵایەتی پێیان ناوەتە مەیدانی خەباتی زەبروزەنگانەوە لەدژی بار و دۆخێک کە هەیە. چونکە ئەمە یەک بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی هەمووانە و لەم بڕگەیەدا و لە شێوەی هەمەخەڵکییەکەیدا، ئامانجێکی زیاتر لە دیموکراسی و چاکسازی دیموکراتییانەی نییە. بوونی شۆڕش و خەسڵەتە دیموکراتییەکەی نە لە لایەن لێنین و تروتسکییەوە، وە نە لە لایەن مارکسیزمی عەلەنییەوە، هیچکامێکیان دیارییان نەکردووە. ئەم ڕاستییە بە هەمان پلە بابەتییە کە خودی ڕووسیا و ئابووری و پێکهاتی چینایەتییەکەی بابەتین. مەسەلەکە بە تەواوی پەیوەندی بە شێوەی مامەڵەکردنی حیزبی پێشڕەووەوە هەیە لەگەڵ ئەم شۆڕشەدا. حیزبێک کە "هەلومەرجە مادییەکانی ئەم شۆڕشەی ناسیوە". ماتەریالیزمی میکانیکی و سروشتی- گەشەکردن، کە بەلای مەنشەڤیکەکانەوە دەگات بەوەی کە مێژوو دابڕاوێکە وەک خشتە لەپێشەوە دروستکراوەکانی نێو بیر و هۆش کە بەر لە مێژووی واقیعی و خەباتی زیندووی چینایەتییەوە دانراون و چارەیەکیان نییە جگە لەوەی کە شۆڕش لە قاڵبێکی کلێشەسازی و "شۆڕشی بۆرژوا- دیموکراتیک"دا، یانی قوناغێکی "مێژوویی" کە بەپێی پێناسە "بۆرژوازی ڕابەری شۆڕشە" بگونجێنێ. لێنین کە لە مێژووی واقیعی و بەرهەمی بابەتییانەی ئەم مێژووەوە، یانی لە پرۆلیتاریا و پێداویستییەکانی ئەم چینە و توانا واقیعییەکانییەوە دەستپێ دەکات، خوازیاری زیاتر ڕۆیشتنە لە ئاست چاوەڕوانی و ئارەزووەکانی چینی بۆرژوازی لەم بزووتنەوە شۆڕشگێڕانەیەدا و بەدوای فراوانکردنەوەیەتی تا دوا پلەی چاوەڕوانی چینەکەی. یانی ڕادیکاڵترین هێزی واقیعیی نێو شۆڕش. سروشتییە کە لەم شێوە مامەڵەکردنەی زۆرتر بردنە پێشەوە و "بەرەوپێشبردن"ەی شۆڕشدا، ئەوە ئەرکی خودی چینی کرێکارە کە خوازیاری تێک و پێکشکاندنی یەکجاریی بەربەستە دژی دیموکراتییەکان لە خەباتی چینایەتیدا بێت. سروشتییە کە ئەم بۆچوونە لە پێناو ئەرکی ڕابەرێتی پرۆلیتاریا لە بزووتنەوەی شۆڕشگێرانە و درێژەپێدانی ئەم ڕابەرایەتییەدا، تا ئەو شوێنەی کە بزووتنەوەیەکە بۆ گرتنی دەسەڵاتی سیاسی، بەدەستەوە گرتووە بڕوات. بۆ ئەمەش چاوەڕێی دانی هیچ فۆرموولەیەکی تیۆری نییە لە لایەن لێکۆڵەرە مارکسیستییە پاسیڤیستییەکانی نێو مەنشەڤیکەکانەوە. پرسیارێکی بنەڕەتی کە لێنین لەبەرامبەر خۆیدا دای دەنێت، ئەوەیە کە چۆن دەتوانێ لە ڕێگای هێزی خۆی و چینی کرێکارەوە و بە پشتبەستن بە هێزە کۆمەڵایەتییەکانی تر، کە خوازیاری ئاڵوگۆڕی دیموکراسیی بنەڕەتین، ئەو بەربەستانەی کە لە ساڵی ١٩٠٥دا لەسەر ڕێگادان بە خێراترین و بە کەمدەردیسەرترین شێوە، کە لە توانادایە لاببات. بۆ لێنین ئەو لێکدانەوەیە جێگای هەیە کە پێویستیی "شۆڕشی دیموکراسی" بەدەستهێنانی کۆمارێک دەخاتە ڕوو. جیاوازی بۆلشەڤیزم و مەنشەڤیزم لە شۆڕشی دیموکراسیدا لەوەدایە کە بۆلشەڤیزم ئەم شۆڕشە بە وێنەی بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی لە ڕوانگەی سیاسەتی پرۆلیتاریا و خەباتی چینایەتییەوە لێک دەداتەوە. لە کاتێکدا مەنشەڤیزم ئەم شۆڕشە لە دەروازەی "پەرەسەندنی کۆمەڵگای ڕووسیا"وە هەڵدەسەنگێنێ. کە بەرئەنجامێکی سیاسی و پراتیکی تری لێ بەدەست دێت. بۆلشەڤیزم خودی پرۆلیتاریا، بە هێزی بزوێنەر و سەرەکی و ڕابەری خەبات لە پێناو یەکلاکردنەوەی کۆسپە بابەتی و خودییەکان دەزانێ و بانگەوازی ئەم چینەش دەکات تا ئەم ڕۆڵە بگێڕێ. لە کاتێکدا مەنشەڤیزم ئەم ئەرکە بە ئەرکی "مێژوویی" ئەو چینانە دەزانێ کە لە باری مێژووییەوە جێگای "گرنگ"یان هەیە و پێویستە ئەو ڕۆڵە لەپێشەوە دیاریکراوەیان بخرێتە ئەستۆ کە لەسەر ڕێگای "پەرەسەندنی" کۆمەڵگادایە، تا نۆرەی خۆیان تێپەڕێنن و "بەرهەمی مێژوویی" خۆیان پێشکەش بکەن و دواتریش پرۆلیتاریا بهێننە نێو کاری پراتیکەوە و بەم جۆرەش دوایین پەردەی نمایشەکە پێشکەش بکرێ. لە دیدگای مەنشەڤیکەکاندا دەخاڵەتی پرۆلیتاریا لە "ڕابەریکردنی بزووتنەوە ناسۆسیالیستییەکان"دا و ئەو پڕۆسەیەی کە "پەرەسەندنی مێژوویی" دێنێتە ئاراوە، دەڕووشێنێ و پێیان وایە "لە نێوان تێپەڕاندنی مێژوودا" هەنگاونانی تر مەحاڵە. هەر بۆیە خشتە تیۆرییەکان ڕیز دەکرێن و دواجار پرۆلیتاریای سەرکەش دەکرێتە "کەرسواری" (تەعبیری مەجازی پاشکۆیەتیکردنی کرێکارانە بۆ چینەکانی تر لە ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا- وەرگێڕ) هەمان گۆڕانکاری ناپرۆلیتارییانە لە کۆمەڵگادا، کە بە حوکمی هەلومەرجی بابەتی، کۆمەڵگا دەبێ بە شێوەیەکی "جەبری" پێیدا تێپەڕ ببێت. لە تەواوی کتێبی دوو تاکتیکدا باسی لێنین لەسەر ئەم دوو تێڕوانینە و ئەم دوو میتۆدۆلۆژییەیە.



# ئاسۆس سالّح: گرفتی گەورەی ئێستای خەڵکی هەرێم نەبوونی ئەڵتەرناتیفێکی ڕاستەقینەیە. غیابی حزب و هێزە چەپەکان لە ساحە و مەیدانی سیاسی هەرێم و عێراق وای کردووە حزبە ناسیۆنالیست و تائیفییەکان هیچ بژاردەیەك بۆ خەڵك نەهێڵنەوە لە بێهیوایی و گۆڕینی چارەنووسیان لە دەستێکی خراپ بۆ دەستێکی خراپتر...

## دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ نووسەر و هەڵسوڕاوی چەپ ئاسۆس سالّح سەبارەت بە ئاڵوگۆڕکانی ئێستای دنیاو ناوچەکەو کاریگەری گوشارەکانی دەسەڵاتی بەغدا بۆ سەر هەرێم و لێکەوتەکانی لەسەر دۆخی کوردستان...

**بۆپێشەوە: شکستی ئەمریکا لە پیکهێنانی دنیای یەک قوتبی و پێکهاتنی دنیای چەند قوتبی، چ کاریگەرییەکی لەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەراست و ناوچەکە هەیە؟**

**ئاسۆس سالّح:** هەر وەک ئاشکرایە دوای شەڕی سارد و هەرەسی یەکێتیی سۆڤیەت دوونیا کەوتە ژێر هەژموونی یەک جەمسەریی ئیمپریالیزمی سەرمایەداری بە ڕابەرایەتیی ئەمریکا. لەم ماوەیەدا کە پارسەنگی هێز بە لای ئەمریکادا شکایەوە خۆی کردە ئەندازیاری ڕزگاری وڵاتان و فریادڕەسی گەلان، بە هێنانی دیموکراسییەکی ڕواڵەتی و ساختە لە پێناو بەرژەوەندی ئیمپریالیزمی خۆی. ئەمریکا بە دەستتێوەردانی ئابووری و سەربازی و سیاسی دەستی کرد بە گۆڕینی ڕژێمە نەخوازراوەکانی خۆی، یەکێک لەم ڕژێمانە ڕژێمی بەعس بوو، لە ئۆپەراسیۆنی بەناو ئازادیدا عێراقی بردە قۆناغێکی تر کە قۆناغی داگیرکاری ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی بوو. تا ئەمڕۆ عێڕاق لەژێر هەژموونی ئەمریکا و ئێران نەیتوانیوە وەک پێویست هەڵستێتەوە و بوژانەوە بەخۆیەوە ببینێت و لە نێو ئەم بەرداشەدا گیری خواردووە.

لە ئێستادا تەنها جەمسەری ئەمریکا نەماوە و چین و ڕووسیایش دەیانەوێ لە ڕێگەی جەمسەرێکی ترەوە دەستبکەن بە هەژموونی خۆیان بەپێی ستراتیژی تایبەت بەخۆیان. هێزی ڕووسیا لە هەڵگیرساندنی جەنگی ئۆکرانیاوە بەدەرکەوت. دەتوانین بڵێین ڕووسیا دژی ناتۆ و هاوپەیمانەکانی دەستی کرد بە جەنگێکی درێژخایەن و هاتنەوە ناو کێبڕکێی جەمسەربەندیی جیهان دوای هەرەسی سۆڤیەت. هەرچی کۆماری چینی میللیە بەوپەڕی پشوودرێژییەوە بەردەوامە لەسەر فراوانکردنی هەژموونی خۆی لە جیهان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. هێزی ئابووری و ستراتیژی ڕێگای ئاوریشمی تەنگی بە ئەمریکا هەڵچنیوە و چینیش خۆی ئامادە دەکات لە ڕێگەی وەبەرهێنان و هەژموونی چینییەوە جێگەی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست قایمتر و جێکەوتەتر بکات.

ئێمە کاتێک باس لە جەمسەرەکانی جیهان دەکەین دەبێت ئاماژە بەوە بدەین جەمسەرەکان جەمسەری ئیمپریالیستی و سەرمایەدارین کێبڕکێکە لەسەر هەژموونی زیاتری سیاسی و ئابووری و کەڵەکەکردنی سەرمایەیە. واتا جەمسەرێک نییە بلۆکێکی سۆسیالستی بێت و ئەویتریش کاپیتالیستی بێت، بەڵکوو هەردووکیان سەر بە دوونیای سەرمایەدارین، تەنها لە چەند میکانزمێک جیاوازین.

> **ئێمە كاتێك باس لە جەمسەرەكانی جیهان دەكەین دەبێت ئاماژە بەوە بدەین جەمسەرەكان جەمسەری ئیمپریالیستی و سەرمایەدارین و كێبڕكێكە لەسەر هەژموونی زیاتری سیاسی و ئابووری و كەڵەكەكردنی سەرمایەیە. واتا جەمسەرێك نییە بلۆكێكی سۆسیالستی بێت و ئەویتریش كاپیتالیستی بێت...**

ئەم چەند جەمسەرییە جیهانییە ڕاستەوخۆ کاریگەریان بەسەر ناوچەکەی ئێمەوە دەبێت وەک عێڕاق و وەک هەرێمیش. کە دەوڵەتە دراوسێکانی ئێران و تورکیا ڕاستەوخۆ کاریگەریان بەسەر ناوچەکەیە. ئێران کە دۆستی ڕووسیایە لە ڕێگەی شیعەکانەوە هەژموونی تەواوەتیی خۆی بەسەر عێڕاق سەپاندووە و ئەمریکایش خۆی بە خاوەنی عێڕاقی دوای ٢٠٠٣ دەزانێت. ئەم کێبڕکێیە و سیراحە کاریگەری زۆری لەسەر پرۆسەی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی داناوە و عێڕاق هەمشە بە دۆخێکی ناسەقامگیردا تێپەڕی و حوکوومەتە یەک لە دوای یەکەکان نەیانتوانیوە لەژێر هەژموونی ئەم دەستەدەرەکییە دەربچن. هیچ حوکوومەتێکیش نەبووە هی خەڵک بێت بەڵکوو لەسەر ئەساسی مەزهەب و نەتەوە و پشکپشکێنەی پێشوەختە دیاری کراوە، بۆیە نەیتوانیوە چارەسەری کێشە نێوخۆیی و دەرەکییەکانی بکات و دۆخی خراپی گوزەرانی خەڵک و گەندەڵی و ئاوەدانی خزمەتگوزارییەکان بەرەوپێش و بەرەو چارەسەر ببات.

> **ئەوەی ڕوونە ئەوەیە ئەم دەسەڵاتەی كە لە بەغداد و هەولێرە نوێنەری چینی كرێكار و زەحمەتكێش نییە، نوێنەری حیزب و چینی دەسەڵاتدارە هەموو ئامانجیشان هێشتنەوەی دەسەڵاتی حزب و بنەماڵەكانیانە...**

**بۆپێشەوە: لەدوای کۆتاییهاتنی جەنگی سەربازی دژی داعش و ١٦ ئۆکتۆبەرەوە، باڵانسی هیز لە عێراقدا بە سودی بۆرژازی عێراقی و بەزیانی بۆرژوازی کورد گۆڕاوە و تا هاتووە دەسەڵاتی سیاسی هەرێمی سنوردار کردووەتەوە، چۆن دەروانە ئەم ئاڵوگۆڕە؟**

**ئاسۆس سالّح:** ئەم ئاڵوگۆڕەی لە دوای شەڕی داعش و ١٦ ئۆکتۆبەر هاتەکایەوە گۆڕانکارییەکی بەرچاوی لە عێڕاق و هەرێمی کوردستان دروستکرد. عێڕاق بەهۆی شەڕ و داگیرکردنی بەشێکی خاکەکەی لە لایەن داعشەوە سەرقاڵ بوونی بەم کێشانەوە بەرەو لاوازی ڕۆیشت، بەتایبەت بەرامبەر هەرێمی کوردستان؛ ئەمەش وای کرد زەمینە بۆ هەرێمی کوردستان لەبار بێت بۆ ئەوەی لە ڕێگەی هاوپەیمانان و جەنگ دژی داعش دەستەڵاتی بەرەوزیاتر بڕوات. بەڵام دەستەڵاتدار و حیزبە هاوپەیمانەکان نەیانتوانی لە ڕێگەی ستراتیژێکی سیاسیی ئاقڵانەوە هەم دەستەڵاتیان هەمیش ناوچە ژێردەستەکانیان بپارێزن و وەک کاری هەمیشەیی حزبە بۆرژوازییە ناسیۆنالیستەکان دەستانکرد بە دووبەرەکی و پیلانداڕێژی لە پێناو هێشتنەوەی حزبەکەیان.

عێڕاق هەر لە سەرەتاوە وڵاتێکی دەستکرد ودروستکراو بووە، ئەم بەزۆر لکاندنە و هێنانی دیموکراسسییەکی ڕواڵەتی وای کردووە کێشەکانی عێڕاق قوڵتر بکاتەوە و بەرەوچارەسەرێکی تەواوەتی نەبات. ئەگەر سەرنج بدەینە دوای ڕووداوەکانی شازدەی ئۆکتۆبەر بەتەواوەتیی هەست بەوە دەکەین کە هەرێمی کوردستان لە لایەن عێڕاقەوە لە قاڵبدراوە و وردە وردە دەستی کردووە بە پەیاکردنی هەژموونی تەواوەتی. ئەو دەستەڵاتە بۆرژوازییە کوردییەش هیچ ستراتیژییێکی ڕوونی نەتەوەیی نییە تاوەکوو گەل و جەماوەر لەگەڵی بێت و بەتەواوەتی لێی بێهیوا بوونە، دەزانن هەموو هەوڵێکیان بۆ دەستەڵاتی حزب و مانەوەی خۆیانە. جەماوەر گەیشتووە بەم بڕوایەی چیتر دەستەڵاتی کوردی لە پێناو مافی ئەوان تێکۆشان ناکات، بەڵکوو بۆ مانەوە و گیرفانی چینی دەستەڵاتدار و بۆرژوازییە. واتا هۆکاری سەرەکی ئەم ئاڵوگۆڕە بەهۆی شکستی سیاسیی دەستەڵاتی بۆرژوازی کوردییە.

**بۆپێشەوە: گوشارە بەردەوامەکانی بەغدا بۆسەر هەرێم، بەرهەمی پابەندبوونی دەسەڵاتی ناوەندە بە فیدرالیزم و دەستورەوە، لە هاوسەنگی تازەی نێوان بەغداو هەرێمدا، یان وەکو هەندێک دەڵێن پاشگەزبوونەوەی بەغدایە لە فیدرالیزم و دەستور؟**

**ئاسۆس سالّح:** ئەوەی ئێستا دەگوزەرێت ململانێیە لەسەر داهات و هەژموونی سیاسی. ململانێی نێوان بەغداد و هەولێر کێشەیەکی قوڵی دەستوری و یاسایی و سیاسی و ئابوورییە. کە عێڕاق بە ئەقڵیەتی خۆسەپێنی و بەکارهێانی دەستور، هەرێمیش بە خۆنەخستنەژێر بەرپرسیاریەتی و خۆدزینەوە لەو داوایانەی بەغداد دۆخێکی ناسەقامگیریان بۆ کۆی چین و توێژەکانی هەرێمی کوردستان دروستکردووە. خەڵکی هەرێمی کوردستان وەک بارمتەی سیاسی لە نێوان ئەم دوو دەستەڵاتە بەکار دێن و بە کولەمەرگی تا حەق و مووچەی مانگانەیان پێ دەدرێت. هەردووک دەستەڵات خەریکی پاساو هێنانەوەن بۆ ئەوەی خۆیان بەچاکەخواز و فریادڕەس نیشان بدەن، بەڵام هەردووکیان وەک دێوەزمەن و ڕاست ناکەن لەگەڵ خەڵکی هەرێمی کوردستان، تاوەکوو ئێستا ڕوون و ئاشکرا نییە حەق و ماف لەلای کام بەرەیە و کێش خەتابارە لەم ڕەوشە ناسەقامگیرییە ئابووری و سیاسییەدا. ئەوەی ڕوونە ئەوەیە ئەم دەسەڵاتەی کە لە بەغداد و هەولێرە نوێنەری چینی کرێکار و زەحمەتکێش نییە، نوێنەری حیزب و چینی دەسەڵاتدارە هەموو ئامانجیشان هێشتنەوەی دەسەڵاتی حزب و بنەماڵەکانیانە.

عێڕاق خۆی وڵاتکی نا دیموکراتی و پڕ لە گەندەڵییە بۆیەشە ناتوانێ چاڕەسەی دۆخی هەرێمی کوردستان بکات لە ڕێگەی دەستوورەوە. چەندان بڕیار لە دادگای فیدرڕاڵییەوە دەرچوونە لە بەرژەوەندی موچەخۆرانی هەرێمی کوردستان کەچی تاوەکوو ئێستا یان ئیشیان لەسەر نەکراوە یانیش زۆر خاوە. بەدەر لەوە دواخستنەوەی پرۆسەی هەڵبژاردن خۆی گومانی گەورە لەسەر دادگای فیدرڕاڵی و دیموکراسی بانگەشە بۆ کراو دروست دەکات.

**بۆپێشەوە: لێکەوتە سیاسیەکانی دەسەڵاتی ناوەندی لەسەر خەڵکی کوردستان و پرسی چارەسەرنەبووی نەتەوایەتی چۆن دەبینن؟**

**ئاسۆس سالّح:** گەورەترین کێشەی کورد نەبوونی

دەوڵەتە.

ئەمە وای کردووە کورد وەک نەتەوەیەکی بێ دەوڵەت هەمیشە لە قەیران دابێت و تووشی چەندان تەگەرە بێتەوە لە بەدەستهێنانی مافەکانی. وەک لە سەرەتا گوتمان عێراق وڵاتێکی دەستکردە و کورد بەزۆر پێیەوە لکێنراوە. بۆیە کورد وەک نەتەوەیەکی مافخوراو و کۆنۆلیاڵکراو کێشەی لەگەڵ داگیرکەرەکەی هەیە و ناتوانێ متمانەی پێبکات. بەڵام کێشە گەورەکە ئەوەیە دوای زیاتر لە سی ساڵ دەسەڵاتی کوردی نەیتوانی نموونەیەکی جوان بێت و متمانەی گەلی خۆی بەدەست بێنێ. خەڵکی کوردستان بە چین و توێژە جیاوازەکان دابەشی سەر دوو ئاراستەی جیاواز بوونە، ئەو ئاراستەیەی کە دەنگی نارازییە دژ بە دەسەڵاتی بۆرژوازیی کوردی داوای گەڕانەوەی هەژموونی زیاتر دەسەڵاتی حکوومەتی عێراق دەکەن لەسەر هەرێم. واتا دوای دەسەڵاتی کوردی ئێمە هەنگاومان نەناوە بۆ پێشەوە بەڵکوو بەرەو دواوە ڕۆشتووین و بەشی زۆر جەماوەر لەگەڵ عێراق هاوسۆزترە، نەوەک حکوومەتی هەرێمی کوردستان. ئەمەش بۆ شکستی پرۆژەی حزبە بۆرژوا- ناسیۆنالیستەکانی کوردستان دەگەڕێتەوە کە نەیانتوانی نموونەیەکی باشی دیموکراسی بن و پرۆژەی نیشتمانیان شکستی هێنا کە لەسەر ئەساسی بەرژەوەندی حزبی بوو.

**واتا دوای دەسەڵاتی کوردی ئێمە هەنگاومان نەناوە بۆ پێشەوە بەڵکوو بەرەو دواوە ڕۆشتووین و بەشی زۆر جەماوەر لەگەڵ عێراق هاوسۆزترە، نەوەک حکوومەتی هەرێمی کوردستان. ئەمەش بۆ شکستی پرۆژەی حزبە بۆرژوا- ناسیۆنالیستەکانی کوردستان دەگەڕێتەوە ...**

**بۆپێشەوە: لەم دواییانەدا دادگای باڵای فیدراڵی چەندین بڕیاری دەرکرد لەوانە... بڕیاری لابردنی کورسی کۆتاکان، بڕیاری سپاردنی هەڵبژاردنەکانی هەرێم بە کۆمیسۆنی هەڵبژاردنەکانی عێراق، بڕیاری بە یەک بازنەیی کردنی هەڵبژاردنەکانی کوردستان، بڕیاری دابەشکردنی موچە لەلایەن بانقە ناوەندییەکانی عێراقەوە... چۆن دەڕوانە ئەو بڕیارانە؟ ئەم بڕیارانە چ کارگەرییەکی لەسەر دەسەڵاتی هەرێم و چینی کرێکار و خەڵکی کوردستان دەبێت؟**

**ئاسۆس ساڵح:** پێش ئەوەی بێینە سەر کرۆکی وەڵامی پرسیارەکە باسەکە ئەوەیە دەسەڵاتی کوردی شکستی هێناوە و نایەوێت دانی پێدابنێت. بۆیە دەڵێین شکستی هێناوە چونکە، دوای ئەوماوەیەی دەسەڵاتیان هەبوو نەیانتوانی ژێرخان و سەرخانی ئەم هەرێمە بەهێز بکەن و تەنها گرینگیان بە داهاتی نەوتدا و هیچ سەرچاوەیەکی تری سەرەکی نەبوو بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان لە لاوازی بپارێزن لە بەردەم دەسەڵاتی ناوەندی.

شادەماری ئابووری هەرێمی کوردستان ئێستا لە بەغدادە، بەمەش هەرێم تووشی ئیفلیجی ئابووری بووە و لە جوڵە خراوە. ئەوە بەو مانایە نییە کە داهاتی ناوخۆی بەشی زۆرێک لە خەرجییەکان نەکات.بەڵکوو بە پێچەوانەوە داهاتێکی زۆری ناوخۆ دیار نییە و کەس نازانێ بۆ کێیە و داهاتەکە لەکوێیە. ئەم پاشاگەردانی و نادیاربوونی داهاتە وایکرد خۆمان لەبەردەم ئەم قەیرانە ببینینەوە و عێراق بە ویستی خۆی خواست و فەرمانەکانی بەسەر هەرێم بسەپێنی و ئەوانەی باجیش یەکەمیش بیدەن خەڵکی هەژار و مووچەخۆری هەرێمی کوردستان بێت.

ئەم بڕیارانەی بەم دواییانە دراون هەڵبەت لە ئیتفاق و ڕێکەوتنی سیاسی ژێربەژێر بەدوور نییە. بەڵام شتانێکن لە پێناو چاکەی خەڵکی هەرێمی کوردستانە و ئەگەر تاسەر بەردەوامی هەبێت لێکەوتەو گۆڕانکاری زیاتر لە هەرێمی کوردستان دێنێتەکایەوە. نەبەستنەوەی داهاتی هەرێمی کوردستان و مووچە و قوتی خەڵکی کوردستان بە دەسەڵاتی سیاسییەوە هەنگاوێکی باش دەبێت بۆ دوبارە بووژانەوەی بازاڕی هەرێمی کوردستان و تێیدا مووچەخۆران و چینی ڕەنجدەر سوود لە جوڵانی بازاڕ دەبینێت و ژیانیان باشتر هەڵدەسورێت. لە دۆخی قەیراناویدا زەرەرمەندی یەکەم چینی کرێکار و پیشەوەرەکان، چونکە پارەیەکی کەم لە بازاڕ ئاڵوگۆڕدەکات و بەمەش ژیانی زۆرێک لە چینی ڕەنجدەری کۆمەڵگە بەرەو زەحمەتی و بارگرانی دەچێت.

**بۆپێشەوە: بەشێک لە خەڵکی کوردستان، خۆشحاڵن بە بڕیارەکانی بەغدا دژ بەدەسەڵاتی هەرێم، چۆن دەڕوانە ئەم خۆشحاڵییەی خەڵک ئایا ئەوە خۆشباوەڕی نییە بەدەسەڵاتی لایەنە بۆرژوازییەکانی عێراق؟**

**ئاسۆس ساڵح:** خەڵکی هەرێمی کوردستان لەوپەڕی بێهیوایدان. ئەم قەیرانە هەمەلایەنەی ئەمڕۆ هەرێمی کوردستان تێیدایە کە هەم پەرلەمانی نییە هەم کۆمیسیۆن و هەم هەڵبژاردن ناکرێت و دوو ئیدارەیی و نەهاتنی مووچە و داهاتی هەرێم و نەچوونە ژێر بەرپرسیارییەتی لەلایەن حزب و دەسەڵاتدارەکانی هەرێم وای کرد خەڵک ئاوات بە حکومەتی عێراقی بخوازێت تاوەکوو لەژێر ئەم هەموو نەهامەتی و بارگرانییە دەربازی بکات و بتوانێت لە دۆخێکی سەقامگیری ئابووری بژێت.

هەرچەندە ئەمە خەونێکی دۆنکیشۆتانەیە کە خەڵکی هەرێمی کوردستان دەیبینێت، چونکە جیاوازی لە نێوان دەسەڵاتی بۆرژوازی نییە و دەسەڵاتی چینێکی دیاریکراوە و ئامانجی خزمەت و هێشتنەوەی دەسەڵاتی ئەم چینەیە. ڕزگاری خەڵکی زەحمەتکێش بە تێکۆشان و بەهێزکردنی ریزی چینەکەیان تاوەکوو بتوانن فشاری جدی دروست بکەن و لەناو دەسەڵاتدا خۆیان بدۆزنەوە و خزمەتی چینی خۆیان بکەن.

**بۆپێشەوە: دوای ئەوەی پارتی بڕیاری بایکۆتی هەڵبژاردنەکان کرد، هەڵبژاردن ناکرێت و دوا دەخرێت، بۆچی پارتی ئەو بڕیارەی دا؟ هەروەها لاتان وایە هەڵبژاردن هیچ لە دۆخی ژیان و گوزەرانی خەڵک و دۆخی کوردستان بگۆڕێت؟**

**ئاسۆس ساڵح:** ئەو بەناو دیموکراسییەی لێرە هەیە تەنها مکیاجکردنی سیاسەت و حیزبە، تەواو بێبەهاکراوە و وایان لە پەرلەمان کرد کە کەی حەز بکەن دایبخەن و سەرۆکەکەی بنێرنەوە و حکوومەت هێزی بەسەر پەرلەمان هەبێت کە ئەمە لە هیچ وڵاتێکی دیموکراسی شتی وا بوونی نییە. ئەم دەسەڵاتەی ئێرە لە ڕواڵەتدا دیموکراسی و پەرلەمانی و فرە حزبییە. بەڵام لە ناوەرۆکدا ڕێک پێچەوانەیەتی نە دیموکراتییە نە فرە حزبییە و نە بڕواشی بە هەڵبژاردن هەیە و دوو دەسەڵات و دوو زۆنی جیاواز لە ژێرهەژموونی دوو دەوڵەتی دراوسێی جیاواز. هەر ئەمە وای کرد ئەم هەرێمە ئاوا لاواز بێت و خەڵکی هەرێم خۆی متمانەی بە دەسەڵاتەکەی و پرۆسە دیموکراسییەکەی نەماوە.

**ئەم دەسەڵاتەی ئێرە لە ڕواڵەتدا دیموکراسی و پەرلەمانی و فرە حزبییە. بەڵام لە ناوەرۆکدا ڕێک پێچەوانەیەتی نە دیموکراتییە نە فرە حزبییە و نە بڕواشی بە هەڵبژاردن هەیە و دوو دەسەڵات و دوو زۆنی جیاواز لە ژێرهەژموونی دوو دەوڵەتی دراوسێی جیاواز...**

هەڵبژاردن وەک پرۆسەیەکی گرینگ ناو دیموکراسی گرینگە، بەڵام دەبێت هەڵبژاردن بە کردار کاریگەری هەبێت لە گۆڕانکاری و دروستکردنی حکوومەتی نوێ و هێنانەکایەی پلان و ستراتیژی نوێ، نەک هەڵبژاردنێکی پێشوەختە دیزاینکراو ڕێکەوتن کرابێت بۆ بەش بەشێنە و دووبارەکردنەوەی دەمووچاوەکان. ئەم بەشداری نەکردنەی پارتی و هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمان زۆرترین پرسیار لەسەر ئەم پرۆسەیە دادەنێت و خەڵکی زیاتر بێ هیوا دەکات لە پرۆسەکە و سەر ئەنجام هێشتنەوەی دەسەڵاتی خۆسەپێنی حیزبە سەرەکییەکان بەردەوام دەبێت و هیچ گۆڕانکارییەک نایەتە دی، حکوومەتی هەرێمیش حکومەتی چینی بۆرژوازییە و ئامانجی خزمەتکردنی ئەم چینەیە.

**بۆپێشەوە: لەبەرامبەر بەو هەلومەرجەی ئێستا لە ئارادایە کە لەلایەکەوە دەسەڵاتی ناوەندی هەژموونی سیاسی و بڕیار بەسەر دەسەڵاتی هەرێمدا دەسەپێنێت و لەلایەکی تریشەوە دەسەڵاتی هەرێم هیچ کارتێکی کاریگەری لەبەرامبەر بە بەغدا نییە، چ ڕێگاچارە و ئەڵتەرناتیڤێک پێویستە؟**

**ئاسۆس ساڵح:** گرفتی گەورەی ئێستای خەڵکی هەرێم نەبوونی ئەڵتەرناتیڤێکی ڕاستەقینەیە. غیابی حزب و هێزە چەپەکان لە ساحە و مەیدانی سیاسی هەرێم و عێراق وای کردووە حزبە ناسیۆنالیست و تائیفییەکان هیچ بژاردەیەک بۆ خەڵک نەهێڵنەوە لە بێهیوایی و گۆڕینی چارەنووسیان لە دەستێکی خراپ بۆ دەستێکی خراپتر. ئەم دۆخە بەم شێوەیە بەردەوام بێت زیاتر قەیرانەکان قوڵ دەبێتەوە و هیچ دەرچەیەکیش نییە بۆ دەربازبوونی یەکجارەکی لە قەیرانە یەک لە دوای یەکەکان. ئەوەی چارەسەری بنەڕەتییە پێکهێنانی حکوومەتێکە کە هەڵبژێردراوی خەڵکی هەژار و ڕەنجدەر بێت و نوێنەری ڕاستەقینەی ئەوان لە ترۆپکی هێز و دەسەڵات بێت. ئەگینا بەم حیزبە ناسیۆنالیست و تائیفییە موتابعە کاپیتالیستانە ناتوان گۆڕانکاری ڕیشەیی لە ژیانی خەڵک بهێنن کایەوە و قەیران بە قەیران تێدەپەڕێت و دەوڵەمەندەکان دەوڵەمەندتر دەبن، دەسەڵاتداران دەسەڵاتدارتر دەبن، هەژارەکانیش هەژارتر دەبن.

ئەلتەرناتیڤی ڕاستەقینە دەبێت پرۆژەیەکی سیاسی و ئابووری جیاوازی هەبێت کە لە خزمەتی چینی کرێکاران و زەحمەتکێشان بێت. هەر پرۆژەیەکی تر لە چوارچێوەی لیبراڵیزمی سەرمایەداری بسوڕێتەوە نابێتە ئەلتەرناتیڤی چینی کرێکاران.

## درێژەی چارەسەر بە سیکۆدراما (سایکۆ دراما) چییە؟

نووسرابوو، یان کۆمەڵێک شانۆنامە،□ لە ڕاستیدا دراماکە تەواو نییە تەنها بە پێشکەشکردنی لەسەر شانۆ نەبێت. کە لە شێواز یان ناوەڕۆکدا هاوشێوەن. شانۆنامەنووس یەکێکە لە توخمە بنەڕەتییەکانی دراما، هەروەک چۆن ئەکتەر بەردی بناغەیە لە هونەری دراما و بالێدا پانتۆمایم نموونەی درامایە بەبێ دەقی نووسراو.□□ چەمکی دراما و ڕۆڵی لە سەردەمی ئێستادا پەرەی سەندووە بۆ ئەوەی لە بازنەی تەقلیدی خۆی کە شانۆیە، بیخاتە دەرەوە بۆ بوارە جیاوازەکان، کە ڕەنگە گرنگترینیان پەروەردە بێت. دەروونناس و پەروەردەکاران بۆیان دەرکەوتووە کە منداڵان بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی کردەیەکی دراماتیک (دراماتیک یاری) ئەنجام نادەن، ئەمەش وای لێکردوون کە ئەم دیاردەیە بەکاربهێنن. لە پەروەردە و پەروەردەکردنی منداڵدا، و دراما لە ئێستادا بووەتە ئامرازێکی کاریگەر بۆ پەروەردەکردن، کەڵک وەرگرتن لە چالاکییە جۆراوجۆرەکان، سەنتەری چالاکیی نواندن، بۆ ئەوەی منداڵ بە ڕۆڵێکی دیاریکراوەوە لە دۆخێکی دیاریکراودا یەکبگرێت، بەپێی ئەزموونی منداڵەکە کەسایەتی و توانا بۆ ئامانجێکی پەروەردەیی نوێبووەوە. لێکچوون و جیاوازی لە نێوان: دراما و شانۆ: )9- 0-( درامای پەروەردەیی لە زۆربەی حاڵەتەکاندا بۆ بینەر نیشان نادرێت، واتە وەرناگیرێت. فۆڕمی شانۆیی تەواو جگە لە حاڵەتی شانۆنامەی قوتابخانە.□ لە درامای پەروەردەییدا منداڵ لەگەڵ ئەو ڕۆڵەدا یەکدەگرێتەوە کە دەیگێڕێت، لە کاتێکدا منداڵ یەکدەگرێتەوە دیمەنەکانی ناو شانۆنامەکە لەگەڵ کارەکتەری ئەکتەر. - -19... ئامێری درامای پەروەردەیی، هەرچەندە هەندێکجار لە تەکنیکەکانی شانۆدا بەکاردەهێنرا:□ وەک ڕووناکی، جل و بەرگ، و ڕازاندنەوە (دیمەنی بیناسازی)، بەڵام بە شێوەیەکی سەرەکی پەیوەستە بە... توانای جووڵەیی و سۆزداری و دەنگی منداڵ خۆی.- (پیتەر سلەید) پێی وایە نوێنەرایەتیکردنی منداڵان لەسەر شانۆ (نەریتی) (درامای منداڵان) لەناو دەبات، منداڵان لەسەر شانۆی نەریتی تەنها لەسەر نەریتێکی سادە کار دەکەن، کە پێی دەوترێت .. شانۆ، و ناتوانن لەم بابەتەدا سەرکەوتوو بن و ئەمەش هەروایە نەک شێوازی خۆیان، منداڵان لە یاریکردندا پێویستیان بە شوێنێکی فراوان هەیە، هەروەک چۆن پێویستیان بە ئاڵۆزییە تەکنیکییەکانی فۆڕمی شانۆیی (گوایە) نییە، بۆ ئەمەش ئەو هەستیارییە زیاد بکە کە شانۆ بەهۆی بوونی بینەرەکانەوە بەرزی دەکاتەوە، و لەوانەیە هۆکارێک بێت بۆ پەرەپێدانی ڕۆحی خۆنمایشکردن و خۆشەویستی ڕواڵەت، بەڵام نابێت ئەوە لەبیر بکرێت کە بینەران پێویستییەکن لە... شانۆی نەریتی. نوێنەرایەتی ڕۆڵی ناوبژیوان دەگێڕێت، بۆ دەربڕینی کردار یان ڕووداوەکە. دەقی دراماتیک یەکێکە لە توخمەکانی، ڕەنگە نووسراو بێت یان ئیمپرۆڤیزە. دراماکە جیهانێکی داهێنەرانە دەخاتە ڕوو کە لەسەر بنەمای مشتومڕ و ململانێ دامەزراوە، و لە کۆمەڵێک توخم پێکهاتووە. توخمەکانی دراما: 9- شوێن: مەبەستمان لەو شانۆیە، کە شانۆنامەکە لەسەری نوێنەرایەتی دەکرێت، و ڕووداوگەلێک هەن کە لە بەردەم بینەردا نوێنەرایەتیکردنیان ئەستەمە، هەر بۆیەش شانۆنامەنووس بە گشتی بە شانۆ و تواناکانیەوە بەستراوەتەوە. □□□□ 0- کات: کات :بۆ پێشکەشکردنی شانۆنامەکە سنووردارە، و لێرەوە دەردەکەوێت کە بابەتەکانی شانۆنامەکە دیاری کراوە. پێویستە پابەندی یەکگرتوویی کات و شوێن بن. 3- ڕووداوەکە: ڕووداوی شانۆیی شتێکی ئەبستراکت نییە، بەڵکو یەکێکە لە دەرکەوتەکانی... چالاکی مرۆڤ، و دەرئەنجامی ڕەفتاری دەروونی و کۆمەڵایەتی مرۆڤ و پەیوەندییەکەی لەگەڵ ماڵ و کۆمەڵگاکەیدایە و ڕووداوی شانۆیی لەسەر دوو فاکتەر دامەزراوە، ئەوانیش: هەڵبژاردن و گۆشەگیری. 4- هەڵبژاردن: مامۆستا ڕووداوێک لە ڕووداوەکانی ژیانی ڕۆژانە هەڵدەبژێرێت، کە کاریگەری و پەیوەندی بە واقیعی ژیانەوە هەیە. 5- کارەکتەرەکان : لە توخمەکانی شانۆنامەکانن و□. و- کارەکتەری پاڵەوان: یەکەم : آ- جووڵێنەرە بۆ ڕووداوەکانی شانۆ: ب- کارەکتەرە لاوەکیەکان: ئەوانەن کە ڕۆشنایی دەخەنە سەر باقی ڕووداوەکان، و بیرۆکەی لاوەکی لە شانۆنامەکەدا دەگەیەنن بە مەبەستی یەکخستنی ڕووداوەکان. ج- کارەکتەرە بێدەنگەکان: جوڵەی سادە پیشان دەدەن، ئامانجیش لە ئامادەبوونیان بەهێزکردنی بارودۆخێکی دیاریکراو لە شانۆنامەکەدا، یان بۆ ڕوونکردنەوەی هەڵوێستەکانی شانۆنامەی سەرەکی، یان یارمەتیدانی کارەکتەرەکانی دیکەیە بۆ ئەو کارە تا سووڕانی. 6- دیالۆگ: لایەنی هەستیاری شانۆنامەکەیە، هەروەها دەبێت بە کرداری شانۆییەوە ببەسترێتەوە، بەس نییە دیالۆگ فۆرمی پرسیار و وەڵام لە نێوان کەسێک و کەسێکی تردا بگرێتەبەر، هەر ئەوەش ئەوەیە کە دروستی دەکات ئێمە نوێنەرایەتی خەڵک دەکەین لە قەیران و خەبات و دۆخی ژیانیدا. لە بیرکردنەوە و هەستەکانیان ئاگادارمان دەکاتەوە، و هەستەکانیان بۆ ئێمە وێنا دەکات. 7- ململانێ: ململانێ بەستراوەتەوە بە دیالۆگەوە، ئەمەش لایەنی ئەخلاقی شانۆنامەکەیە، ناکۆکی دەکرێت دەرەکی (لە نێوان کارەکتەرەکان) یان ناوەکی (لە نێوان کارەکتەر و خۆی) بێت. وە خەبات ئەوەیە کە گرێکە دروست دەکات، کە گرێ گەورەکە دروست دەکات. 8- پلۆت: بریتیە لە پەیوەندی نێوان ڕووداوەکانی چیرۆک و کارەکتەرەکانی بە شێوەیەکی لۆژیکی کە شانۆنامەکە دەکاتە یەکەیەکی یەکگرتوو، بە مانایەکی دیاریکراو.. بە ڕێککەوتێکی باشدا تا تێپەڕ ببێت. تێبینی □. ئەم بابەتە کاری وەرگێڕیم بۆکردوە بەدەستاکاریەوە لەدوایدا بەئامانەتەوەە ناوی نوسەر دەنوسم وکتێب و سەرچاوەی. هیوادارم بۆ ئەوەی سودمەندبن لەگەڵمدابن تاکۆتایی.

ڕێبوار حەمە شەریف دەرچووی
ئەکادیمی هونەرەجوانەکان/ زانکۆی
بەغداد

## درێژەی دوا وتە

هێندە بەرین و گەورەیە، کە بەتەواوەتی خەڵکی ئینسان دۆستی ئەو وڵاتانەی ڕووبەڕووی دەسەڵاتی بۆرژوازی ئەو وڵاتانە کردۆتەوە.

ئیسرائیل بە وەرێخستنی جەنگ بۆسەر ڕەفەح بەر لەوەی تەنها کوشتاری خەڵکی ڕەفەح وەکو دوا پەناگەی ملیۆنەها ئینسان بێت، هاوکات ڕاگەیاندنی جەنگ و درێژەدانە بە ملهوری بەرووی ئەو بزوتنەوە کۆمەڵایەتییە جیهانیەی لە دژی داگیرکاری ئیسرائیل لەسەر شەقامەکان و زانکۆکاندا و درێژەی هەیە و تا دێت بەرینتر دەبێتەوە.

وە ئەو هێرشە بەر لەهەر شت ریشەی لە شکست و ناکامی تا ئێستای دەوڵەتی ئیسرائیلدایە... شکستێک نەک تەنها لە جەنگ و کوشتاردا، بەڵکو شکستی سیاسییش. ئیسرائیل ویستی لە ڕێگای داگیرکاری و جەنگەوە و کۆتایی بە کیشەی فەلەستین بهێنێ و ئەم دۆسیەیە دابخات، کەچی ئیستا پرسی فەلەستین و چارەسەرکردنی ئەم پرسەو دروستکردنی دەوڵەت و داننان بە دەوڵەتی فەلەستینیدا، لەسەر میزی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و رای گشتی دنیادایە.

جیا لەوانە دەوڵەتی ئیسرائیل وەکو دەوڵەتی" میحوەر" و پەناگە و هاوپەیمانی ستراتیجی ئەمریکا لە ناوچەکەدا، لە دەوڵەتێکی "بە هەیبەت و ئازاوە" بۆتە دەوڵەتێیکی نابوت و دۆراو نەفرەتلیکراو لە ئاستی دنیادا... کە نەک توانای ئەوەی لە دەستداوە ببێتەوە دورگەیەک بۆ باڵادەستی ئەمریکا بەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەراستدا، بەڵکو بۆتە هۆکارێک بۆ پاشەکشەو لاوازی پێگەی ئەمریکا، لە ناوچەکەدا. هاوکات قوربانی سەرەکی و دۆراوی جەنگ بەر لەوەی حەماسی ئیسلامی بێت، دەوڵەتی ئیسرایل و حکومەتەکەی نەتانیاهۆیە... نەتانیاهۆ و حکومەتەکەی بەو درندەیی ئەنجامیاندا، نەک نەیتوانی خۆی لە بزوتنەوەی نارەزایەتی بەرووی دەسەڵاتەکەی و هەولەکانی بۆ گۆڕێنی یاساکان بە مەبەستی ناوەندی کردن و هەژموونی رەها بەسەر دەوڵەتدا، خاو بکاتەوە، بەلکو نارەزایەتی بەرووی هەلکردنی ئاڵای دریژە کیشانی جەنگ و نادیاری چارەنووسی رفێنراوەکاندا، رۆژ بەرۆژ زیاتر بووە.

وەستانەوە بەرووی هەموو ئەو هەولانەی بۆ راگرتنی جەنگ و دەدرێت لەلایەن دەوڵەتی ئیسرائیلەوە، تا دەگات بە هیرش بۆ سەر رەفەح تەنها بۆ ئەوەیە ناکامی هێرشەکانی پی بشارێتەوە. ئەوەش رۆشنە دەوڵەتی ئیسرائیل لەو جەنگەدا کە بەناوی لەناوبردنی حەماسەوە دەیکات و ئەگەر جەنگیش لە حەماس بباتەوە، بەڵام دۆڕاوی سەرەکی لەبەرامبەر خەڵکی فەلەستین کێشە سیاسیەکەیدایە، چونکە تا کیشەی فەلەستین چارەسەر نەکرێت، ژینگەی مانەوەی حەماس و دروستبوونی هێزی هاوشیوەی حەماس، بە هێزی خۆیەوە دەمێنێتەوە.

**عەبدوڵا مەحمود**
**ناوەراستی ئایاری**
**٢٠٢٤**

**جیهان بەبێ بانگەواز بۆ سۆشیالیزم، بەبێ ئومێد بە سۆشیالیزم، بەبێ هەڕەشەی سۆشیالیزم، دەگۆڕیت بە چ لیتاوێک...**

بۆپێشەوە
FORWARD بلاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە
Forward

سەرنووسەر: عەبدوڵا مەحمود
هاوکاری سەرنووسەر: ئاراس رەشید
راوێژکاری سەرنووسەر: رێبوار ئەحمەد

نووسەرانی ئەم ژمارەیە:
رێبوار حەمە شەریف، جەزا حسێن، وریای رەسام، ئاسۆس ساڵح، بنار مستەفا، رۆمان ئامینە، سەردار عەبدوڵا حەمە، کاوان قادر، ئاراس رەشید، عەبدوڵا مەحمود، شەماڵ بارەوانی، خالید بایەزیدی...

لەگەڵ دۆسیەی تایبەت سەبارەت بە"هۆکاری گوشارەکانی بەغدا لەسەر هەرێم و ئاییندی سیاسی کوردستان"...

بۆناردنی بابەت و پەیوەندی:
bopeshawa@gmail.com
بۆ پەیوەندی بەسەر نووسەرەوە:بۆناردنی بابەت و پەیوەندی:
abdulla.mahmud@gmail.com
بۆ خوێندنەوەی بابەت و وتارەکانی بۆپێشەوە سەردانی سایتی بۆپێشەوە بکەن:
www.bopeshawa.net

## دوا وتە

# هێرش بۆسەر رەفەح لە شکستەوە بۆ شکستی تر!!

دەوڵەتی ئیسرائیل و حکومەتەکە نەتانیاهۆ، لە ژێر ناوی لەبەین بردن و بردنەوەی جەنگ لە حەماس هێرشەکانیان بۆ دوا پەناگەی زیاتر لە ملیۆنیک ئینسانی ئاوارە بۆسەر رەفەح دەستپێکرد،...

دەوڵەتی ئیسرائیل ماوەی زیاتر لە حەوت مانگە بەشێوەیەکی وەحشیانە و هێرشی بۆسەر غەزە دەستپێکردووەوە و تەڕو وشک بەیەوە دەسوتێنێت، کۆمەڵکوژییەکی ئاشکرای وەرێخستووە، دەست پارێزی لە قوتابخانە، خەستەخانە، رۆژنامەنووسان، کارمەندانی یوئین و رێکخراوە ئینسانی و نێودەوڵەتیەکان، و پەناگەکان ناکات، تەنانەت سەرەی دورودرێژی هاوڵاتیانی برسی بۆ وەرگرتنی خۆراک دەکاتە نیشانە، کوشتنی منالٌ و ژن و پەکککەوتە... بۆتە ناسنامەی حاشاهەلنەگری ئەم نیزامە شەرماوەری دنیای ئەم سەردەمە. تا ئیستا نزیک بە ٤٠ هەزار ئینسانی کوشتووە کە زوربەی هەرە زۆریان ژن و منالٌن... ئەوە ئەو شکستە ئابڕوبەرەیە کە حکومەتەکەی نەتانیاهۆی ناچار کردووە دەستی خوێناوی حکومەت و دەوڵەتەکەی تا دوا جێگا ببات... دڕندەیی دەوڵەتی ئیسرائیل بە جێگایەک گەیشتووە، کە کوشتاری جولەکەکان لە لایەن نازیەکانی ئەڵمانیاوە وەبیر دێنێتەوە. ئەم دڕندەییە بە ئاستێک گەیشتووە کە دۆست و هاوپەیمانەکانی خودی دەوڵەتی ئیسرائیل، ئارەقەی شەرمەزاری برێژن و بەناچاری گوشارەکانیان بۆسەر دەوڵەتی ئیسرائیل زیاد بکەن تا تۆزێک "بەرەحمەوە" کوشتارگە وەرێ بخات و هێرشەکانی" بە دیقەت و وردبینیەوە" ئەنجام بدات.

دیارە خودی ئەم نیگەرانەیەی ئەمریکا و غەرب کە لەیەکەمین رۆژەوە پشتیوانی بێدرێغیان لە هێرشی ئیسرائیل بۆسەر غەززە کرد، لە بەرامبەر بە درندەیی ئیسرائیلیدا، لەوێوە نییە، کە خەمی کوشتاری بە کۆمەڵیان لەلایەن سوپای ئیسرائیلەوە هەبێت، بەڵکو لەژێر گوشاری بزوتنەوەی نارەزایەتی بەدژی هیرشی وەحشیانەی ئیسرائیلدا، لە ئاستی جیهانیدا ناچارن سڵ بکەنەوە. ئێستا ئیتر دیموکراسی بۆرژوازیی و ناوەرۆکی سیستەمی بۆرژوازی لە ئەمریکاو غەربدا، بە جۆرێک دەرکەتووە، کەبایی سەرە دەرزییەک بەهای بۆ گاڵتەجاری دیموکرسی و درۆی مافی مرۆڤ و یاساکانی بەڕیوەچوونی جەنگ نەهێشتۆتەوە...

هاواری ملیۆنەها ئینسان لە سەراسەری دنیادا بەدژی جەنگ و درێژەکیشانی ئەم داگیرکاریی و هۆلۆکۆستەی ئیسرائیل ئەنجامی دەدات، لە ناوخۆی ئەمریکاوە تا دەگاتە هاواری خەڵکی ئیسرائیل کە دەڵێن" ژیان پیرۆزە و نا بۆجەنگ و جەنگ راگرن" تا دەگاتە هاتنە مەیدانی ملیۆنەها ئینسان لە وڵاتانی ئەورووپاو دنیادا، هاوار و نارەزایەتیەکی

بۆ لاپەرە 11

# چەند کورتە شیعری خالید بایەزیدی"دلێر"

1ـ
کرێکارێك!
بەرلەوەی کە پەڵە هەورێکی سپی
بۆ منداڵەکانی بە دیاری بباتەوە
لە بەرزاییی بینایەك
کەوتە خوار
باڵندەکانی ئاسمان
کردیان بە شیوەن وزار
دەرختێکی شاتووش بە سوورایی خوێنێ
لە نیگای منداڵەکانی دا
پشکووت؟!

2ـ
بە گومانم!
خوا و کرێکار
لە یەك ئەچن
هەردووکیان
خولقینەری جیهانن
بەڵام خوا...!
خاوەنی گشت جیهانە
ئەمما کرێکار...!
تەنیا و تەنیا بەشی ئیش و ئازارو ژانە؟!

3ـ
کرێکارێك!
بەردەوام خەفەتی ئەوەی دەخوارد
کە رۆژبە رۆژ....
شارو لادێکان گەورە دەکاتەوە
بەڵام! ماڵەکەی خوی بچوك وبچوك تر؟!

4ـ
ئێش وئازاری کرێکاران
ئای چەندە بێ بەزەیانە...
لە ژێرئامێری کارگەکان
یەکە یەکە دەناڵێنن
سەرمایەدارانیش بە خۆشی وپێکەنین
بەسەر ئارەقەی رژاوییان
هەنگاو هەڵدێنن؟!

5ـ
نان بە شەرمەوە
سەری خۆی داخست
کاتێك کە بینی:
ئاوا بە زەحمەت دەستی
کرێکاران دەکەوێت
وە ئاواش ئاسان
دەچێتە قوورگی سەرمایەداران؟




بەرهەمی نوێی هونەرمەند وریای رەسام